# سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی

د. کاروان عومەر قادر/ زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زمان و زانستەمرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمان

**پێشەکی:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بە (( سیستەمی درکپێکردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی درکپێکردن)) ناوزەدکراوە، شیکارێکی پەیپێبراوانەی نوێیە بۆ زمانی (ڕێزمانی) کوردی. لێکۆڵینەوەکە شیکارەکانی لە چێوەی ( زانستی زمانی درکپێکردن "Cognitive Linguistics")دا جێبەجێکردووە. بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێبازی لێکۆڵینەوە درکپێکراوانەش، لێکۆڵینەوەکە بە سەر سێ تەوەرەی سەرەکیدا دابەشکراوە، کە تێیدا تەوەرەی یەکەم ( پەیپێبردنێکی چەمکییانەی زانستی زمانی درکپێکردنە) و تاڕادەیەك تەوەرەیەکی بەراییانەی زانستییانەیە لە سەر خودی زانستەکە. تەوەرەی دوهەمی لێکۆڵینەوەکەش زیاتر تەرخانکراوە بۆ (لە بۆچوونە بەرهەمهێنانییەکانەوە بۆ گریمانەکانی درکپێکردن)، کە تێیدا ڕاستەوخۆ هەرسێ گریمانەکەی زانستەکە گفتوگۆکراوە، گفتوگۆکانیش بە بەڵگە و بەڵگەهێنانەوەی کارەکییانە لە خودی زمانی کوردییەوە پاساودانکراوە. هەرچی تەوەرەی سێهەمی لێکۆڵینەوەکەیە (کە زیاتر تەوەرەیەکی کارەکییانەی جێبەجێکراوە بە سەر زمانی کوردیدا) بۆ دۆزینەوە و شیکردنەوەی (بنەما درکپێکردنەکان لە ڕێزمانی کوردیدا) تەرخانکراوە.

**ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:**

جیاواز لە هەموو ئەو کار و لێکۆڵینەوانەی لە سەر زمانی کوردی کراوە، لێکۆڵینەوەکە کورت و پوخت هەوڵدەدات، کە دونیابینی/ کۆزانینی مرۆڤی کورد، کە لە ڕێگەی شارەزاییەکانیەوە لە ئاوەزیدا بەکۆدکراوە، درکپێبکات.

**لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکە:**

بنەما تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوەکە زیاتر وەرگرتنی هەرسێ تیۆرییە سەرەکییەکەی (زانستی زمانی درکپێکردنە) و بە شێوەیەکی درکپێکراوانەی کارەکییانە شیکردنەوەیان بۆکراوە و بریتین لەوەی (زمان دامەزراوەیەکی ناسەربەخۆیە) و (ڕێزمانی زمانیش سیستەمی بەچەمککردنە) و خودی (کۆزانینی زمانیش لە شارەزاییەوە هەڵگوێزراوە).

## تەوەرەی یەکەم// پەیپێبردنێکی چەمکییانەی زانستی زمانی درکپێکردن:

یەکێك لە ڕێگە گرنگەکانی ڕێکخستنی کۆزانین(المعرفة"Knowledge")، زمانە. زمانیش لە خۆیدا ڕەنگدانەوەی پێداویستی و تێڕامان و شارەزاییە تاکگەرایی و کلتورییەکانی مرۆڤە. خودی کۆزانینە زمانییەکەش (بە تایبەتی بیرکردنەوە و تێڕامانەکانی مرۆڤ، کە لە زماندا هەڵگیراوە) دەتوانرێت لە ڕێگەی کۆنکرێتکردنی ئۆرگانیی و کۆنکرێتکردنی تاکێتی تاك و شارەزاییە کۆکراوەکانی مرۆڤەوە دیاریبکرێت. بەمشێوەیە هەر وردبونەوەیەك لەم کۆزانینە مرۆییە (بە تایبەتی کۆزانینی زمانیی"Knowledge of Language") دەبێت لە هەر سێ ڕەهەندی پەیوەندیداری ( ئاوەز – زمان – شارەزایی )ەوە سەرچاوە بگرێت. تەنها زانستیش (کە خاوەنی ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی ئەزمونبەندانە بێت)، کە دەتوانێت شیکردنەوە بۆ ئەم سروشتەی زمان بکات (زانستی زمانی درکپێکردن "Cognitive Linguistics")[١]ە. ئەمەش بە هۆی ئەوەی (زانستی زمانی درکپێکردن) لە زمان وردەبێتەوە وەك تێهەڵکێشراوێکی توانا درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی. ئەم لێوردبونەوەیەش لەو کانگایەوە سەرچاوەی گرتوە، کە (زانستی زمانی درکپێکردن) زمان وەك ئامرازێك بۆ (ڕێکخستن و چارەسەرکردن و هەڵگرتنی زانیاری) دەبینێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت شیکردنەوە بۆ بنەمای (چەمکیی و ئەزمونگەریی)ەکانی کاتەگۆرییە زمانەوانییەکان بکرێت. کەواتە (زانستی زمانی درکپێکردن) لە خودی ئەرکی درکپێکردنی زمان دەکۆڵێتەوە (لێکۆڵینەوەی زمان لە خودی ئەرکی درکپێکردنیدا)، کە تێیدا زاراوەی (درکپێکردن"Cognitive") ئاماژە بە ڕۆڵی سەرەکی و یەکلایکەرەوەی دروستە زانیارییە نێوەندییەکان (واتە زمان) دەدات، بە مەبەستی شارەزابونی مرۆڤ لە چۆنیەتی ڕوبەڕوبونەوەی لەگەڵ جیهاندا (واتە واقع). ئەمەش ڕاستەوانە ئەوە دەنوێنێت، کە کارلێکردن و ڕوبەڕوبونەوەی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا لە ڕێگەی دروستە زانیارییەکانەوەیە (زمان)، کە لە ئاوەزدا هەڵگیراون و وەك پردی پەیوەندی نێوان ئاوەزی مرۆڤ (سەرچاوەی دنیابینی و تێڕامانەکانی مرۆڤ) و واقعی جیهانە (ئەو ژینگەیەی مرۆڤ تێیدا دەژی و ناتوانێت دەستبەرداری ببێت). بەخشینی ئەم ڕۆڵەش بە زمان لە لایەن (زانستی زمانی درکپێکردن)ەوە لە خۆیدا هەمبەرکردنی گەنجینە و کۆگای کۆزانینی زمانییە بە کۆزانینی جیهانیی. تێگەیشتنیش لەم پەیوەندییە هەمبەرییە و ئەو ڕۆڵە نێوەندییەی زمان دەیبینێت لە نێوان ئاوەز و واقعدا (تێڕامانەکانی مرۆڤ و خودی واقع) دەبێتە هۆی بونیادنانی سێ کەسێتی بنەمایی بۆ (زانستی زمانی درکپێکردن)[٢]، کە ئەوانیش بریتین لە:

یەکەم: پێشنەیی سیمانتیك لە هەر شیکردنەوەیەکی زمانەوانیدا، واتە ئەرکی سەرەکی زمان واتایە، کە بە هۆیەوە چەمکی (بە کاتەگۆریکردن "Categorization") دەبێتە بنەما.

دوهەم: ئەم واتا زمانییەش سروشتێکی ئینسکلۆپێدیایی هەیە، واتە زمان و واتای زمانیی سیستەمێکن بۆ بەکاتەگۆریکردنی جیهانی واقع. بەمەش پێشنیازکردنی سیستەمێکی دروستەیی بۆ واتایی زمانیی پێویست ناکات، چونکە هەر لە بنەڕەتدا کۆزانینی جیهانی پەیوەستە بە فۆرمە زمانەوانییەکانەوە (واتە خودی زمان).

سێهەم: واتایی زمانیی سروشتێکی (ڕوانگەیی/پەیپێبردنانە "Perspective")ی هەیە، واتە لە

بنەڕەتدا جیهانی واقع ڕاست و ڕەوان (بەشێوەیەکی ڕاستەقینە) لە زماندا ڕەنگی نەداتەوە، چونکە لە بری ئەوەی زمان و واتایی زمانیی ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەیی و بابەتیانەی ئەم جیهانە/واقعە بێت، تەنها ڕەنگدانەوەی پەیپێبردنی مرۆڤە بۆ ئەو جیهانی واقعە و ئەم پەیپێبردنە لە زماندا ڕەنگیداتەوە (واتە مرۆڤ چۆن واقعی بینیوە و خوێندویەتییەوە و تێیگەیشتوە، ئاوەهاش لە زماندا ڕەنگیداتەوە، نەك جیهانی واقع چۆنە ئاوەهاش لە زماندا ڕەنگبداتەوە)[٣] . بەمشێوەیە ئەگەر بمانەوێت چەمکییانە پەی بە کرۆکی (زانستی زمانی درکپێکردن) بەرین و تەواو و پڕاوپڕ تێیبگەین، ئەوا پێویستە هەوڵبدەین لە چەمکی واتا و چۆنیەتی ڕوانینی قوتابخانەکە بۆ واتایی زمانیی تێبگەین، چونکە (زانستی زمانی درکپێکردن) جیاواز لە هەموو لقەکانی تری زانستی زمانی گشتی تێڕوانینی بۆ واتایی زمانیی تەواو تێڕوانینێکی جیاوازە. ئەم جیاوازییەش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە (واتا) لەم قوتابخانەیەدا چەند تایبەتمەندییەکی پێبەخشراوە، کە بنەمای ئەرکە درکپێکردنەکانی زمان دەخاتەڕو. هەر یەکێك لەم تایبەتمەندییانەش بۆ خۆیان دەبنە بنەمایەك بۆ نەخشە کێشانی لایەنە گریمانەییەکانی تیۆرییە زمانەوانییەکەی قوتابخانەکە (هەروەك لە تەوەرەی دوهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەخرێتەڕو). ئەو تایبەتمەندییانەش، کە بە شێوەیەکی درکپێکردنانە بە واتایی زمانیی دەبەخشرێت، بریتین لە:

١-) واتای زمانیی واتایەکی ڕوانگەییە/ پەیپێبردنانەیە"Perspective ":

لە تێڕوانینی (زانستی زمانی درکپێکردن)دا واتا تەنها بریتی نییە لە دیوی دوهەمی وشە و لە ئاوەزدا هەڵگیرابێت، بەڵکو زانستەکە پێیوایە، کە (واتا) بنەمای شێوە داڕشتنی فۆڕمی خودی وشەکەشە (واتە واتا جگە لەوەی دیوی دوهەمی وشەیە، لە هەمانکاتدا بنەمای دروستکردنی دیوی یەکەمی وشەشە، کە مەبەست فۆڕمەکەیەتی). بەمشێوەیە (واتا) دەبێتە کۆنکرێتکەری چەمکی وشە، لێرەشەوە دەبێتە کۆنکرێتکەری تێڕوانینی مرۆڤ لە سەر جیهانی واقع. باشترین نمونەش بۆ ئەم خاسیەتەی واتایی زمانیی ئەو دەربڕاوە زمانەوانییانەیە، کە دەربڕی چەمکی (پەیپێبردنی/ ڕوانگەی فەزاییانە "Spatial Perspective")[٤]ن لە زماندا، کە بە هۆیانەوە مرۆڤ دەتوانێت هەمان بارودۆخی بابەتێك/ دیاردەیەك بە دەربڕاوی جیاواز دابڕێژێت. بۆ نمونە بیر لەو بارودۆخە بکەرەوە، کە تێیدا لە حەوشەی پشتەوەی خانوەکەت وەستاوی و دەتەوێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەیتەوە، کە ئاڕاستەت کراوە و بریتییە لەوەی،کە ( تۆپەکەت لە کوێ بەجێهێشتوە؟). لە ڕاستیدا قسەکەر دەتوانێت بە دو شێوە ئەم چەمکە (واتە وەڵامەکە) دەربڕێت، هەروەك لە ڕستەی (١ا و ١ب)دا دەخرێتەڕوو:

(١) ا/ تۆپەکە [ لە پشتەوەی ] خانوەکەیە.

ب/ تۆپەکە [ لە پێشەوەی ] خانوەکەیە.

ئەگەر لە هەردو ڕستەکە وردبینەوە، وا دەردەکەون، کە دو ڕستەی پێچەوانە و دژی یەکترین، کە لە ڕاستیدا وانییە و دو ڕستەکە پێچەوانە نین، بەڵکو زیاتر کۆنکرێتکەری دو پەیپێبردنی جیاوازن بۆ شوێنی (تۆپەکە). ئەمەش بە هۆی ئەوەی، کە لە ڕستەی (١ا)دا پەیپێبردنەکە لە ڕێگەی سەیرکردنی

قسەکەرەوە دیاریکراوە و بونی ڕێگرییەك (کە خانوەکەیە) لە نێوان (قسەکەر) و (شوێنی تۆپەکە)دا دەبێتە هۆی دیاریکردنی (شوێنی تۆپەکە) لە پشتی ڕێگرەوەکەوە، کە ئەویش پشتی خانوەکەیە. بەڵام لە ڕستەی (١ب)دا بە هۆی ئەوەی هەمو خانویەك ئاڕاستەیەکی دیاریکراوی لەڕووی دروستکردنەوە هەیە (کە مەبەست ڕوی پێشەوەی خانووەکەیە) لە ڕووی ئەوەی چ بەشێکی خانوەکە پێشەوەیەتی و چ بەشێکیشی پشتەوەیەتی، بۆیە لە ڕوانگەی ئەمجۆرە پەیپێبردن و شارەزاییەوە، قسەکەر لە هەر شوێنێکی خانوەکەدا بێت دەتوانێت لە بارودرخی ڕستەی (١)دا بڵێت، کە (شوێنی تۆپەکە) بریتییە لە پێشەوەی خانوەکە بە بێ گوێدانە ئەو ڕێگرەی لە نێوان (قسەکەر) و (بابەتەکە)دا بونی هەیە. لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانمانەوە بۆ ڕستەی (١ا و ١ب) دەتوانرێت بگوترێت ئەم هەمەچەشنییە لە پەیپێبردندا نەك تەنها لە پەیپێبردنە فەزاییەکاندا نییە، بەڵکو لە گشت لایەکی زماندا بونی هەیە و زانستی زمانی درکپێکردنیش هەوڵی شیکردنەوە و پەیپێبردنیان دەدات.

٢-) واتای زمانیی واتایەکی دینامیکییە (نەرمونیانە):

زانستی زمانی درکپێکردن چیتر زمان و واتایی زمانیی وەك دەفری دروستە و دروستەی چەقبەستو سەیر ناکات، بەڵکو ئەم زانستە تەواو باوەڕی بەوە هەیە، کە گۆڕانی بەردەوامی ژیانی مرۆڤ و ئەو جیهانە واقعەی تێیدا دەژی پێویستی بەوە هەیە، کە تێڕوانینی مرۆڤەکان بگۆڕێت و گەشە بکات. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی گۆڕانی چەمك و تێگەیشتنی مرۆڤ و لە ئەنجامیشدا وشەکان و تەنانەت کاتەگۆرییەکانیشیان (واتە پۆلێنکردنیان) دەگۆڕێن. بەمشێوەیە گۆڕانی واتا (واتە دینامیکیی و نەرمونیانی واتا) بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ بنەمای واتا لە داڕشتنی فۆڕمی وشەکان و تێڕوانینمان بۆ خودی جیهانی واقع. بۆ نمونە ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە پۆلی وشەیی (گوڵ) لە کۆزانینی مرۆڤی کورددا، دەبینین، کە ناتوانرێت، کە دروستەی تەواوی واتایی بۆ سەرجەم نیشانە واتاییەکانی چەشن و جۆرە جیاوازەکانی پۆلی (گوڵ) دیارییبکرێت، چونکە چەشن و جۆرەکانی دەگۆڕێن و بەمەش نیشانە واتاییەکانیشیان دەگۆڕێن. ئەگەرچی تا ڕادەیەك دەتوانرێت چەند نیشانەیەکی واتایی بکرێتە دروستەی گشتی پۆلەکە لە فەرهەنگدا، بەڵام لە ڕاستیدا لە بری ئەوەی یەك دروستەی واتایی بۆ ئەم پۆلە وشەیە بونی هەبێت، زیاتر دروستەیەکی نیشانەیی واتایی گشتی نەرمونیان بۆ ئەم وشەیە و چەشن و جۆرەکانی بونی هەیە، کە خزمایەتی لە نێوانیاندا بونی هەیە، کە تەواو پڕاوپڕ ڕێکدەکەوێت لەگەڵ چەشن و جۆرە جیاوازەکانی واتایی پۆلی وشەی (گوڵ)دا.

٣-) واتای زمانیی سروشتێکی ئینسکلۆپێدیایی و ناسەربەخۆی هەیە:

زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە، کە ئەو واتایەی لە ڕێگەی زمانەوە بونیاد دەنرێت وەك مۆدلێك (وەچەپێکهاتە) لە ئاوەزی مرۆڤدا جیاواز و سەربەخۆ نییە، چونکە ئەم واتا بونیادنراوە ڕەنگدانەوەی سەرجەم شارەزایی مرۆڤە. بەمشێوەیە دەکرێت بگوترێت بونیادنانی واتا پێویستی بە کۆزانینی جیهانیی هەیە، کە لەگەڵ توانا درکپێکردنەکانی تری وەك (بینین و بیستن و ......هتد)کارلێکدەکات. بەمشێوەیە ئەندامە ئۆرگانییەکانی تری جەستەی مرۆڤ کاریگەری لە سەر

شارەزایی مرۆڤ دەربارەی جیهانی دەوروبەر هەیە. ئەم شارەزاییەش ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە زماندا ڕەنگدەداتەوە. باشترین نمونەش هەردو ڕستەی (١ا و ١ب)یە، کە تیایاندا شوێنی وەستانی جەستەی ئاخێوەر و ئاڕاستەی بینینی و پەیپێبردنی چەمکی واجیهەی خانوەکە بنەمای بەچەمککردنی تێگەیشتنەکە بون. ئەم ڕاستییەی نمونەی (١) دەکرێت لە نمونەی (٢)دا دوبارە بکرێتەوە:

(٢) ا/ پاسکیلەکە [ لە پشت ] سەیارەکەیە.

ب/ پاسکیلەکە [ لە پێش ] سەیارەکەیە.

ئەمجۆرەش لە بیرکردنەوە ئەو ڕاستیە دوپاتدەکاتەوە، کە مرۆڤ تەنها بونەوەرێکی بایلۆژی نییە، بەڵکو بونەوەرێکی کلتوری و کۆمەلأیەتیشە. ئەمجۆرە ڕاڤەیەی مرۆڤ ڕاستەوخۆ لە زماندا ڕەنگدەداتەوە. بۆ نمونە ئەگەر جارێکی تر لە پۆلی وشەی (گوڵ) بڕوانین، ئەوا دەبێت بە پێی ئەم سروشتی ئینسکلۆپێدیایی و ناسەربەخۆیەی واتا تەنها ئەو جۆرانەی گوڵ لە فەرهەنگی زمانەکەماندا بە خزم دابنێین، کە قسەپێکەرانی زمانەکەمان بە پێی شارەزاییەکانیان دەیانناسن و هەرگیز نابێت ئەم پۆلی وشە خزمە ئەو جۆرانەی (گوڵ)ی تێدا بێت ، کە لە شارەزایی کلتوریی و کۆمەلأیەتی قسەپێکەرانی زمانی کوردیدا بونی نییە. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە، کە لە ئێستادا و پاش شارەزایی پەیداکردنی مرۆڤی کورد لە سەر جۆری میوەی (کێویی) دەتوانرێت ئەم میوەیە بە جۆرێکی پۆلی وشەیی (میوە) لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا دابنرێت، بەلأم پێش بیست ساڵ لەمەوبەر نەدەکرا ئەمجۆرە میوەیە بە ئەندامێکی پۆلی وشەیی (میوە) لە فەرهەنگدا دابنرێ، چونکە هەم ئەمجۆرە میوەیە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بونی نەبوە و مرۆڤی کوردیش هیچ جۆرە شارەزاییەکی لە سەری نەبوە، کە لە ئاوەزیدا بە کۆدکرابێت و وەك ئێستا بوبێتە بەشێك لە کۆزانینی زمانیی مرۆڤی کورد.

٤-) واتای زمانیی لە سەر بنەمای (بەکارهێنان و شارەزایی) خولْقێنراوە:

زانستی زمانی درکپێکردن پێیوایە، کە (( واتا ڕەگەکەی لە شارەزاییەوە بە شێوەیەکی ئەزمونگەرییانە هەڵگواستوە))[٥]. ئاشکرایە دروستە ئەبستراکتەکانی زمان (واتە ئەو ڕێسا و یاسایانەی بۆ نمونە ڕستەکانیان لێپێکهاتوە) ڕاستەوخۆ تێبینی ناکرێن، بەڵکو ئەوەی تێبینی دەکرێت زیاتر ڕستەکانن (کە کۆنکرێتکەری دروستە ئەبستراکتەکانن)، کە لە ڕیزکردنی وشەکان پێکهاتوە. هەربۆیە (زانستی زمانی درکپێکردن) لە شیکردنەوەکانیدا پرسیار لە سەر بۆشایی نێوان ئەم دو دروستە (زۆر ئەبستراکتە، کە مەبەست ڕێسا و یاساکانە) و ( زۆر کۆنکرێتە، کە مەبەست ڕستەکانە) دەکات، کە ئایا چۆن ئەم دو ئاستە پەیوەست دەبن بە یەکترییەوە؟ بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆتر زانستەکە پرسیار دەکات لە سەر چۆنیەتی پەیوەستبونی فەرهەنگی ئاوەزیی و دروستە سینتاکسییەکان؟

بێگومان وەلأمی ئەم پرسیارە لە زانستی زمانی درکپێکردندا بۆ خۆی بنەمای بەخشینی خاسیەتی چوارەم بوە بە واتایی زمانیی بەوەی، کە واتایی زمانیی لە سەر بنەمای (بەکارهێنان و شارەزایی)

کار دەکات. هەربۆیە زانستەکە پێیوایە، کە پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان ئەم دو دروستەیەش هەر بە (شارەزایی بەکارهێنانی زمان) پڕدەکرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە تەرزە ڕێزمانییەکان (واتە ڕستەکان)، کە کۆنکرێتکەری دروستە ئەبستراکتەکانن (ڕێسا و یاسا زمانییەکان) هەمیشە بەشێکن لە دەربڕاو و ئاخاوتنە ڕاستەقینەکان، کەواتە شارەزایی زمانیی بریتییە لە شارەزایی بۆ بەکارهێنانی زمان بە شێوەیەکی ڕاستەقینە نەك بۆ ئەو وشانەی لە فەرهەنگ و تەرزەکانی ڕستەدا دەیاندۆزینەوە. هەربۆیە ئەگەر سروشتی ئەزمونییانەی ڕێزمان بە شێوەیەکی شێلگیرانە(جدی) وەربگیرێت ( کە کۆنکرێتکەری زیندوی ڕاستەقینەی دروستە ئەبستراکتەکانە)، ئەوا دەبێت شارەزایی بۆ بەکارهێنانی زمانیش بە شێوەیەکی شێلگیرانە وەربگیرێت[٦].

## تەوەرەی دوهەم// لە بۆچونە بەرهەمهێنانییەکانەوە بۆ گریمانەکانی درکپێکردن:

بەخشینی تایبەتمەندییەکان بە واتایی زمانیی لە لایەن زانستی زمانی درکپێکردنەوە (هەروەك لە تەوەرەی یەکەمدا خرایەڕوو) زیاتر بەدیهێنانی دو مەبەستی تەواوکەر و وروژێنەریی بوە. مەبەستی یەکەمیان (کە زیاتر مەبەستێکی ڕاستەوخۆیە) خۆی لە دامەزراندنی تیۆرییەکانی قوتابخانەکەدا دەبینێتەوە، لە کاتێکدا مەبەستی دوهەمیان (کە زیاتر مەبەستێکی ناڕاستەوخۆیە) بریتییە لە ئامانجی بەدیهێنانی تەواوکارییەکی مەرجییانە بۆ سەرجەمی زانستی زمانی گشتی و بە تایبەتیش بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە مەنهەجییەی لە هەردو قوتابخانەی (ڕەفتارییەکان و عەقڵگەراییەکان) زەقبوبۆوە سەرجەمی شیکردنەوە زمانەوانییەکان پێوەیان گیرۆدە بوبون. ئەم بۆشاییە مەنهەجییەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەما ژێربێژییەکانی هەردو قوتابخانەکە، لە بەرئەوەی ڕابەرانی قوتابخانەی ڕەفتارییەکان دابەشبونێکی دوانیەیان بۆ زمان خولقاند بو، کە خۆی لە هەردو چەمکی (زمان"Langue" و ئاخاوتن"Parole") دەبینیەوە. ئەم دابەشکردنەشیان لەو بۆچونە ژێربێژییەوە بو، کە (زمان)یان وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ڕاڤە دەکرد (واتە پۆلێك ڕێککەوتنی کۆکراوە) و (ئاخاوتن)یش وەك چالاکییەکی سایکۆلۆژی تاکێتی تاك (واتە:زمانبەکاربەر) تەماشا دەرکرد. بەڵام لەم بۆچونەیاندا ئەو بۆشاییە مەنهەجییە هاتەگۆڕێ، کە ئایا پردی پەیوەندی و لینکی لکێنەری نێوان ئەم دو جەمسەرە دورە (واتە لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی سایکۆلۆژی تاك) چییە[٧]؟ بێگومان ڕابەرانی قوتابخانەی عەقڵگەرایی (بە تایبەتی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە) هەوڵیانداوە ئەم بۆشاییە مەنهەجییە لە قوتابخانەکەیاندا بە پێشنیازکردنی دو چەمکی تر پڕبکەنەوە، کە ئەوانیش هەردو چەمکی (توانست"Competence" و چالاکی "Performance") بووە. بۆیە بە ڕای ئەمان (چالاکی)یان بەرانبەر بە (ئاخاوتن) داناوە و بۆشاییە مەنهەجییەکەشیان بە (توانست) پڕکردۆتەوە، کە زیاتر وەك کۆزانینی تاکی قسەکەر لە سەر کۆدە زمانییەکە ڕاڤەیان کردوە و پێیانوابوە، کە (توانست) ئەو کۆزانینەیە، کە زمانبەکاربەر بۆ سیستەمی زمانەوانی هەیەتی. بەمشێوەیە دەبینین جارێکی تریش لە قوتابخانەی عەقڵگەراییدا (ئەگەرچی بۆشاییە مەنهەجییەکەی ڕەفتارییەکانیان چارەسەرکردوە) بۆشاییەکی مەنهەجی نوێ دێتەبون، چونکە لەم قوتابخانەیەدا لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی زمان (واتە زمان "Langue") بە

شێوەیەکی بەرفراوان پشتگوێدەخرێت. واتە ئەگەر بۆ زمانە سروشتییەکان هەرسێ لایەنی (سیستەمی کۆمەڵایەتی "زمان– Langue" و کۆزانینی تاکگەراییانە لە سەر سیستەمەکە "توانست– Competence" و بەکارهێنانی تاکگەراییانە بۆ سیستەمەکە "ئاخاوتن – Parole") لە بەرچاو بگرین، ئەوا جارێکی تر لە ناو قوتابخانەی عەقڵگەراییدا لە نێوان (توانست) و (چالاکی)دا چاڵێکی نوێی بەتاڵ دەخولقێت، کە ئەویش بریتییە لە وەلانانی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی زمان بە شێوەیەکی بەرفراوان[8]. بەمشێوەیە (زانستی زمانی درکپێکردن) وەك هەوڵێك بۆ پڕکردنەوەی ئەم دو کەموکوڕییە مەنهەجییەی لە هەردو قوتابخانەی (ڕەفتارییەکان و عەقڵگەراییەکاندا) بونی هەبو، هاتەکایەوە، لە هەمانکاتدا نابێت ئەو ڕاستییەش فەرامۆش بکرێت، کە قوتابخانەی عەقڵگەرایی (لە سەرو هەموشیانەوە چۆمسکی) بەردەوام بانگەشەی ئەوەیانکردوە و دەشیکەن، کە قوتابخانەکەیان قوتابخانەیەکی درکپێکردنانەیە. کەواتە تەنها (زانستی زمانی درکپێکردن) نییە، کە بانگەشەی درکپێکردن لە شیکردنەوە زمانەوانییەکاندا دەکات، بەڵکو قوتابخانەی عەقڵگەرایش ئەم بانگەشەیەی کردوە. ئەم بانگەشە کردنەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتوە، کە هەردو قوتابخانەی (عەقڵگەرایی"بەرهەمهێنان و گواستنەوە") و (زانستی زمانی درکپێکردن) وا لە زمان دەڕوانن، کە ڕەچەڵەك و ڕەگەکەی لە ناو ئاوەزدایە، بەڵام هەریەکێك لەم دو قوتابخانەیە بەرگێکی تایبەتی بە بەری ئەم ڕاستییەدا دەکەن، کە ئەنجامەکەی جیاوازبونی گریمانە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەکانیانە بۆ شیکردنەوەی زمان[9]. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە، کە زۆرێك لە بنەما سەرەکییەکانی (زانستی زمانی درکپێکردن) شێلگیرانە بەرانبەر بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی عەقڵگەرایی دەوەستنەوە. خودی ئەم بەرانبەربونەوەیەی دو قوتابخانەکەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ فەرامۆشکردنی سێ لایەنی زۆر گرنگ لە شیکردنەوە زمانەوانییەکانی قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)دا، کە زیاتر بریتین لە:

١. بە هۆی ئەوەی چۆمسکی لە قوتابخانەکەیدا چەمکی (زمان"Langue")ی بۆ چەمکی (توانست) گۆڕی، هەربۆیە شیکردنەوەی زمانەوانی لە قوتابخانەکەیدا لە دەقی کۆمەڵایەتی زمان دورخستۆتەوە.
٢. لە ڕێگەی جەختکردنەوە لە سەر لایەنی (بۆماوەیی) و گرنگی لە پرۆسەی زمانپژاندن و سەرجەم شیکردنەوە تیۆرییەکانیدا، قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە شیکردنەوە زمانەوانییەکانی دابڕیوە لە (دەقی درکپێکردن"Cognitive Context")، واتە لێکۆڵینەوەکانی بە هێندەی زانستی زمانی درکپێکردن گرنگی بە لایەنی سیمانتیکی نەداوە.
٣. لە ڕێگەی قورسایخستنە سەر سیستەمی یاسا شێوازبەندەکان، چۆمسکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دور خستۆتەوە لە (دەوروبەری بارودۆخیی "Situational Context")، واتە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانیی لە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەکانیدا لە بەرچاو نەگرتوە[10].

لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانی پێشوەوە دەگەینە ئەوەی، کە قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە

زمانیان لە هەردو چەمکی (توانست و چالاکی)دا کورت کردۆتەوە، کە بنەماکەشیان (ڕێزمانی جیهان"Universal Grammar")ییە، کە بە شێوەیەکی بایلۆژی لە مرۆڤدا هەیە و بنەمای خودی پرۆسەی زمانپژاندنیشە. هەربۆیە ئەمان سەرجەمی لێکۆڵینەوەکانیان بۆ شیکردنەوەی (چالاکی) تەرخانکردوە، چونکە پێیانوایە (چالاکی) بریتییە لە توانستی پیسبو بە کاریگەرییە ژینگەییەکان. لێرەشەوە ویستیان بوە لەم توانستە پیسبوەوە بگەنە توانستی بێگەرد، کە لە ئاوەزی مرۆڤدایە. هەربۆیە قوتابخانەکە بانگەشەی (ئاوەزداریێتی"Mentality") دەکات. لە بەرانبەریشدا (زانستی زمانی درکپێکردن) وەك پڕۆژەیەکی تەواو ئاوەزیی ئەم بۆچونەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە بە ڕاست دەزانێت، بەڵام پێیوایە، کە (ڕێزمانی جیهانی"Universal Grammar") وەك بنەمایەکی سەرجەمی زمان لە ئاوەزی مرۆدا بە شێوەیەکی بایلۆژی بە مرۆڤ نەبەخشراوە، بەڵکو مرۆڤ لە بەکارهێنانی ڕۆژانەی زمانەوە هەڵیدەگوازێت. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە، ئەمان پێیانوایە، کە دەبێت شیکردنەوەی زمانەوانی بۆ ئەم بەکارهێنانەی زمان تەرخان بکرێت ، کە لە بنەڕەتدا دەبێتە هۆی دروستکردنی (ڕێزمانی جیهانی) وەك پڕۆسەیەکی ئاوەزیی بنەما بۆ زمانپژاندن. بەمشێوەیە دەکرێت بگوترێت، کە هەردو قوتابخانەکە تەواو ئاوەزین و خاوەنی بانگەشەی درکپێکردنن، بەڵام هەریەکێك لەم دو قوتابخانەیە بەرگێکی تایبەتی بە بەر ئەم بانگەشەیەدا دەکەن، کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێڕەوی شیکردنەوە زمانەوانییەکان و ئەنجامە بەدەستخراوەکانیش. ئەم جیاوازییەش لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دو قوتابخانەکە لە تێڕوانینیان بۆ ڕۆڵی کۆزانینی زمانیی (ئیبستمۆلۆژیایی زمانیی) جیاواز دەردەکەون. ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە کاتێکدا قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوە جەختدەخاتە سەر ئەوەی، کە چۆن کۆزانینی زمانیی دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت؟، ئەوا زانستی زمانی درکپێکردن جەختدەخاتە سەر ئەوەی، کە چۆن کۆزانینی زمانیی بەشداریدەکات لە کۆزانینی گشتی مرۆڤدا دەربارەی جیهان و پەیپێبردن بە خودی جیهان[11]. ئەمجۆرەش لە تێڕوانین بۆ (کۆزانینی زمانیی) لە لایەن ئەم دو قوتابخانەیەوە بۆتە هۆی ئەوەی، کە (زانستی زمانی بەرهەمهێنان)، (زمان) وەك مۆدێلێکی داپۆشراوی سەربەخۆ شیبکاتەوە و جیایبکاتەوە لە مۆدێلە ئاوەزییەکانی تری ئاوەزی مرۆڤ ( ڕابەرانی ئەم قوتابخانەیە شێلگیرانەتر لەم بابەتیان ڕوانیوە، تەنانەت پێیانوابوە، کە مۆدێلی زمان لە چەندین وەچە مۆدێلی تری سەربەخۆی وەك "فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیك") پێکهاتوە، کە کارلێکیان لەگەڵ یەکتریدا تەنها لە ڕێگەی دەرکردە زمانەوانییەکانیانەوەیە)، بەڵام (زانستی زمانی درکپێکردن) دەربارەی هەبونیی مۆدێلە داپۆشراوەکان تەواو بە گومانە ، چونکە زانستەکە زمان وەك سیستەمێکی دابڕاو سەیرناکات، کە بتوانرێت لێکۆڵینەوەی تیابکرێت بە بێ لە بەرچاوگرتنی پەیوەندی نێوان (ئاوەزی مرۆڤ) و (جەستەی مرۆڤ). بە پێچەوانەوە (زانستی زمانی درکپێکردن) پێیوایە، کە (زمان) تەنها کۆنکرێتکەری بەرفراوانی چالاکییە درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤە، کە ئەم چالاکییە درکپێکراوانەش بە هیچ شێوەیەك دابڕاونین لە جەستەی مرۆڤ. بەمەش (زانستی زمانی درکپێکردن) هەوڵدەدات، کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی زمانەوانییەوە ڕاڤەی چۆنیەتی کارکردنی

پێکەوەیی (ئاوەزی مرۆڤ و جەستەی مرۆڤ بە زمانەوە) شیبکاتەوە[١٢]. خستنەڕوی ئەم جیاوازییە تیۆرییەی پێشوی قوتابخانە زمانەوانییەکان بنەمایەکی سەرەکی بوە لە خەملاندن و نەخشاندنی تیۆرییە سەرەکییەکانی (زانستی زمانی درکپێکردن)، کە زیاتر بریتی بوون لە:

تیۆری یەکەم:

(زمان) دامەزراوەیەکی"Faculty" درکپێکراوی ناسەربەخۆیە.

تیۆری دوهەم:

(ڕێزمان) بریتییە لە سیستەمی (بە چەمککردن "Conceptualization").

تیۆری سێهەم:

(کۆزانینی زمانیی "Knowledge of Language") لە بەکارهێنانی زمانەوە هەڵدەگوێزرێت و دروستدەبێت[١٣].

ئەگەر لەم سێ تیۆرییە وردبببینەوە و بەراوردی بکەین بە ڕێبازە لێکۆڵینەوە شێوازبەندەکانی زمان، بە تایبەتی هەردو ڕێبازی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە) و (مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی "Truth- Conditional Semantics")، ئەوا دەبینین، کە تیۆری یەکەم پێچەوانەی تیۆرییە سەرەکییەکەی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە)یە، کە بریتییە لەوەی، کە ڕێبازی بەرهەمهێنان باوەڕی وایە، کە ( زمان) دامەزراوەیەکی درکپێکراوی سەربەخۆیە و بە شێوەیەکی خۆڕسکی جیاکراوەتەوە لە دامەزراوە نازمانییە درکپێکردنە ئاوەزییەکانی تری مرۆڤ. لە هەمانکاتدا تیۆری دوهەمیش پێچەوانەی تیۆری سەرەکی ڕێبازی (مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی)یە، چونکە لەم ڕێبازەدا لە ڕوانگەی هەردو پێوانەی [(دروستی "Truth") و (نادروست "Falsity")]یەوە پەیوەست بە جیهانی واقعەوە (سیمانتکی نازمانیی) هەڵدەسەنگێنرێت و لێکدەدەرێتەوە. بێگومان تیۆری سێهەمیش دژی ڕێبازی کارکردنی هەردو ڕێبازی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە و مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکییە)، چونکە ئەم دو ڕێبازە پێیانوایە، کە (کۆزانینی زمانیی) بە شێوەیەکی بایلۆژی لە مرۆڤدا هەیە[١٤].

بە مەبەستی زێتر شیکردنەوەی هەرسێ تیۆرییەکەی (زانستی زمانی درکپێکردن) خستنەڕوی وردەکارییە گریمانەییەکانی هەر یەکێك لەم سێ تیۆرییە و بەڵگە و بەڵگەهێنانەوەی کارەکیی لە خودی زمانی کوردی بۆ هەر یەکێك لەم سێ تیۆرییە وەك ڕاستییەك دێتە بەردەم ئەم لێکۆڵینەوەیە و لێکۆڵینەوەکەش لە شیکردنەوەکانی ئەم تەوەرەیەدا هەوڵی بۆ دەدات.

**تیۆری یەکەم**:

زمان بریتییە لە دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆ، واتە خستنەڕوی (کۆزانینی زمانەوانی) هەروەك نواندنی دروستە چەمکییەکانی تری ئاوەزی مرۆڤە. بەمەش ئەو پرۆسانەی، کە ئەم کۆزانینە زمانەوانییەی تێدا بەکاردەهێنرێت جیاواز نییە لە توانا درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ، کە لە دەرەوەی ڕکێفی زماندا بەکاریدەهێنێت، چونکە بە بۆچونی (زانستی زمانی درکپێکردن) کۆزانینی مرۆڤ لە سەر (فۆڕم و واتا) زمانەوانییەکان لە بنەڕەتدا دروستەیەکی چەمکییە[١٥].

بەمشێوەیە (زانستی زمانی درکپێکردن) بە پێچەوانەی (ڕێزمانی بەرهەمهێنانەوە، کە پێیوابوە تەنها نواندنی سیمانتیکی خستنەڕوییەکی چەمکییانەیە) پێیوایە، کە نواندنی (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)یش لە بنەڕەتدا هەر خستنەڕوییەکی چەمکییانەیە. ئەم بیرۆکەیەش لەو ڕاستییەوە هەڵگوێزراوە، کە (دەنگەکانی/فۆنیمەکانی زمان) ڕاستەوانە بە شێوەیەکی فیزیکییانە بونیان هەیە، هەربۆیە دەربڕاو و دروستە شێوازبەندەکانیش، کە ئەم دەنگانە/ فۆنیمانە بەرهەمیان دەهێنن دیسانەوە بونێکی فیزیکیانەیان هەیە. ئەم ڕاستییەش لەو ڕاڤە شیکارییەوە دێت، کە هەم (دەنگەکان/فۆنێمەکان) و هەم (دەربڕاوەکان)یش، کە بەرهەمیاندەهێنن پێویستە هەم (بەرهەمهێنرابێت) و هەم پاش دەربڕینیشیان (درکیان پێبکرێت). جێگەی گومانیش نییە، کە ئەم دو پرۆسەی (بەرهەمهێنان) و (درکپێکردن)ە لە ناو ئاوەزدان. هەربۆیە بە لەبریدانان (زانستی زمانی درکپێکردن) باوەڕیوایە، کە پێکهاتەکانی (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیش) بە هەمانشێوەی (سیمانتیک) لە بنەڕەتدا دروستەیەکی چەمکییانەیان هەیە. بنەمایەکی تری ئەم تیۆرییە بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە، کە پرۆسە درکپێکردنەکان، کە بریتین لە [چۆنیەتی (بونیادنان) و (پەیوەندیکردن)]ی واتایی زمانیی و حوکمی بەکارهێنانی زمان دەکەن لە بنەڕەتدا هەروەك پرۆسە درکپێکردنەکانی تری مرۆڤن (وەك توانای بینین و توانای تێرامان و سەرنجدان و چالاکییە ماتۆڕییە/ ئامێرییەکانی"وەك بزاوتنە جەستەییەکان" تری مرۆڤ)[١٦]. ئەم تیۆرییە و تیۆریی دوهەمیش لە کارێکی گرنگی (George Lakoff1990)دا سەر لە نوێ داڕێژراونەتەوە و لە شێوەی دو پەیوەندی کرۆکیدا دەیانخاتەڕو، کە ئەوانیش بریتین لە (پەیوەندی بەرهەمهێنان"Generalization Commitment") و (پەیوەندی درکپێکردن" Cognitive Commitment")[١٧].

لە خستنەڕوی ئەم پێداچونەوەیەی (لاکۆف)دا بۆ تیۆری یەکەم، لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات بەڵگە و بەڵگەهێنانەوەی کارەکیی لە خودی زمانی کوردییەوە وەك پاڵپشت هەم بۆ تیۆری یەکەم و هەم بۆ پێداچونەوەکەی (لاکۆف) بهێنێتەوە.

(لاکۆف) باوەڕیوایە، کە ئەو بنەما چەمکییەی بۆ سەرجەم پێکهاتەکانی زمان لە تیۆری یەکەمدا پێشنیازکرابو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە (ڕێسا دروستەییەکانی بار و حاڵەتەوە)، کە لە لایەنە جیاوازەکانی بەکارهێنانی زماندا دەکرێت دەستمان پێی بگات. لەم ڕوانگەیەشەوە (لاکۆف) پێیوایە، کە ئەرکی سەرەکی و گرنگی زمانەوانی گشتی دەبێت بریتی بێت لە ناساندن و پێناسەکردنی ئەم ڕێسایانە. بەمشێوەیە (لاکۆف) لە شیکردنەوەکانیدا بۆ (پەیوەندی بەرهەمهێنان) بەرەو ئاڕاستەی بەرپەرچدانەوەی تیۆری (مۆدیولاریتی"Modularity")[١٨] قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) هەنگاوی ناوە و بە هۆی ئەم (پەیوەندی بەرهەمهێنان)ەوە بنەمای ئەو بیرۆکەیە دەخەملێنێت، کە (زانستی زمانی درکپێکردن) ڕێکناکەوێت لە سەر ئەوەی، کە مۆدولەکان/ وەچەسیستەمەکان/ (واتە پێکهاتەکانی زمان) بۆ زمان ڕێکخرابێت بە شێوەیەکی دور لە یەکتری. لێرەشەوە هەر بە تەواوی گومان دەخاتە سەر هەبونیی خودی چەمکی (مۆدیولارێتی) لە زماندا[١٩]. بەمشێوەیە (زانستی زمانی درکپێکردن) باوەڕیوایە، کە پێکهاتە جیاوازەکانی زمان

تەنها بە شێوەیەکی ڕوکەشییانە دەتوانرێت بگوترێت بەشداری یەك/چەپکێك نیشانەی واتایی ڕێکخراوی سەرەکی دەکەن، کە لە کرۆکدا ئەم بەشدارییەیان یان هەر نییە یان لاوازە. باشترین نمونەش وەك بەڵگەهێنانەوەیەکی کارەکیی، وردبونەوەیە لە هەردو چەمکی [(پۆلێنکردن لە زمان) و (فرەواتایی لە زمان)]دا، کە ئەم دو چەمکە تا ئێستا وا لێکدراونەتەوە، کە کۆمەڵێك کەرەستەی زمانیی (تەنانەت نازمانیش) لە یەك/چەپکێك نیشانەی ڕێکخراوی سەرەکیدا بەشدارن و بە هۆیەوە دەتوانرێت وەك ئەندامەکانی یەك کاتەگۆری پۆلێنبکرێن. لە لایەکی تریشەوە تا ئێستا وا مامەڵەی (فرەواتایی) کراوە، کە تەنها پەیوەستە بە (واتای وشەوە). بەڵام (زانستی زمانی درکپێکردن) گومان دەخاتە سەر ئەمجۆرە جیاکردنەوەیە و پێییوایە، کە هەم چەمکی (پۆلێنکردن) بۆ کاتەگۆرییە جیاوازەکان (چ زمانی بن یان نازمانی) هەڵخەڵەتێنەرە و هەم دیاردەی (فرەواتایی)ش تەنها پەیوەست نییە بە (واتای وشەوە)، بەڵکو تایبەتمەندییەکی سەرجەم زمانی مرۆڤە. هەربۆیە هەردو چەمکی (پۆلێنکردن) و (فرەواتایی) لێرەدا وەك دو بەڵگەی کارەکیی وەردەگیرێن بۆ ڕەتکردنەوەی چەمکی جیاکردنەوە و مۆدوڵی سەربەخۆ لە زماندا، بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکە زیاتر پەیڕەوی ڕێبازی درکپێکراوی هەردو (George Lakoff 1990) و (Taylor 2003) دەکات[٢٠].

بەڵگەی یەکەم: ( پۆلێنکردن ):

کاتەگۆرییە پۆلێنکراوەکان (زمانی یان نازمانیی بن)، ئەگەر لە سروشتیان وردببینەوە، ئەوا سانا هەڵخەڵەتێنەر دەردەکەون. ئەم سروشتە هەڵخەڵەتێنەرانەی کاتەگۆرییەکانیش لەو بانگەشەیەوە زیاتر دێت، کەوا ئەندامێك یان زیاتری کاتەگۆرییەکە دەبێتە ئەندامی سەرەکی و سەنتەریی بۆ کاتەگۆرییەکە و ئەندامەکانی تری هەمان کاتەگۆریش زیاتر وەك ئەندامە لاوەکییەکانی ئەو کاتەگۆرییە ئاماژەییان پێدەدرێت[٢١]، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە وانییە، چونکە پلە بەندی لە سەرەکێتی و سەنتەریی ئەندامەکانی کاتەگۆرییەکدا زیاتر لە ڕێگەی چۆنیەتی کارلێکی ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ ئەو کاتەگۆرییەدا لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا دیاریدەکرێت. لەم بوارەشدا وەك نمونەیەکی نازمانی کاتەگۆریی پۆلێنکراوی (کوپ) دەتوانرێت وەربگیرێت، کە ئەندامەکانی ئەم گروپە دەتوانرێت بە هۆی نەخشە کێشانەوە لە وێنەی (١)دا بخرێتەڕوو:


وێنەی (١.أ)



وێنەی (١.ب)


وێنەی (١.پ)



وێنەی(١.ت)



وێنەی (١.ج)

ئێستا ئەگەر لە ئەندامەکانی کاتەگۆری وێنەی (١) وردببینەوە، دەبینین، کە قسەکەر سەبارەت بە وێنەی (١.أ) لە بارودۆخی ئاساییدا، کە خواردەمەنییەکانی وەك (چا و شیر و قاوە)ی پێبخواتەوە، ئەوا زیاتر وەك (کوپ)ێك ئاماژە بە وێنە دەکات، بەلاَم هەر هەمان وێنە ئەگەر لە بارودۆخێکی تردا (وەك نانخواردن لە ڕیستۆرانتێك) قسەکەرەکە شۆربای تێدا بخواتەوە، ئەوا دەشێت قسەکەرەکە ئاماژە بە هەمان وێنەی (١.ج) بدات وەك (قاپ)ێك نەك وەك (کوپ)ێك. بێگومان ئەم شیانی ناونانە زیاتر دەبێت، ئەگەر وێنەکە کەوچکێکی تێدا بێت، کە بۆ خواردنەوەی شۆرباکە بەکاربێت.
ئەم شیکردنەوە ساکارە ئەوە دەخاتەڕو، کە تەنها پۆلێنکردنی کاتەگۆرییەکان هەڵحەڵەتێنەر نین (بۆ نمونە کاتێك "کوپ"ەکە دەبێتە "قاپ")، بەڵکو چۆنیەتی کارلێکردنی ئێمەش لەگەڵ کەرەستە تایبەتەکاندا دەشێت کاریگەری لە سەر ئەوە هەبێت، کە ئێمە چۆن ئەو شتانە پۆلێندەکەین. لەم ڕوانگەیەوە، ئەگەر لە هەریەك لە وێنەکانی (١) بڕوانین، ئەگەرچی وادەردەکەون (بە شێوەیەکی ڕوکەش)، کە هەریەکێك لە ئەندامەکانی ئەم کاتەگۆرییە (واتە کوپ) هاوشێوەی سەرجەم ئەندامەکانی تری کاتەگۆرییەکەن  بە ڕێگەی جیاواز و هەمەچەشن (کە دەشێت هەر یەکێکیان نرخێکی کەمتر یان زیاتریان هەبێت بۆ خستنەڕوی خودی کاتەگۆری "کوپ")،  بەلاَم لە ڕاستیدا حاڵەتێکمان (نە زمانیی نە نازمانیی) دەستناکەوێت، کە هەموو ئەندامەکانی کاتەگۆرییەکە هاوشێوەی یەکتری بن. بۆ نمونە ئەگەر بەراوردی هەردو وێنەی (١.أ) و (١.ب) بکەین، ئەوا سانا جیاوازییە وێنەییە زەقەکانی نێوانیانمان بۆ دەرکەوێت. ئەمە جگە لەوەی وێنەی (١.أ) زیاتر بۆ خواردنەوەی (چا و شیر و قاوە) بەکاردێت، بەلاَم وێنەی (١.ب) زیاتر بۆ خواردنەوەی (ئاو و شەربەت و ساردی) بەکاردێت. بەهەمانشێوە، وێڕای ئەو جیاوازییەی لە نێوان هەردو وێنەی (١.أ و ١.ج)دا دەتوانرێت ببینرێتەوە، ئەگەر خودی وێنەی (١.ج) کاتەگۆرییەکە بە تەنها وەربگرین، ئەوا دیارە ئەگەر وێنەکە کەوچکی تێدابو و شۆربامان لێخواردەوە زیاتر مەیلی ئەوەمان دەبێت، کە وەك (قاپ)ێك ئاماژەی پێبدەین، بەلاَم کاتێك بە بێ کەوچك ڕاستەوخۆ قاپەکە بە لێومانەوە بنێین و شۆرباکەی لێهەڵبقوڕێنین بە بێ بەکارهێنانی کەوچك، ئەوا لەم بارەدا ڕەنگە قسەکەر زیاتر مەیلی ئەوەی هەبێت، کە جارێکی دی وەك (کوپ)ێك ئاماژەی پێبدات. بەمشێوەیە بۆماندەردەکەوێت، کە وێنەی کوپەکان وێنەی جیاوازن(ئەمە جگە لە جیاوازی تێڕوانینی مرۆڤ بۆ بەکارهێنانیان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا)، بەلاَم لەگەڵ ئەم جیاوازییانەشدا، هێشتا دەتوانرێت بگوترێت سەر بە یەك کاتەگۆرین. ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەو ئەندامانەیان، کە پلەی سەرەکێتی/ سەنتەریی

کاتەگۆرییەکە دەنوێنن (وەك وێنەی "١.ا") لەگەڵ ئەو ئەندامانەی تری کاتەگۆرییەکە، کە کەمتر یان زیاتر لە ئەندامە سەرەکییەکەی/سەنتەرییەکەی کاتەگۆرییەکە دەچن (وەك وێنەی "١.ج و ١.ت") ڕەنگە لە خاسیەتێکدا بەشداری هەمان کاتەگۆری بکەن و ببنە ئەندامی هەمان کاتەگۆری. بەمشێوەیە بەم ئەندامانە دەتوانرێت بگوترێت (خێزانێکی ئاشکرای هاوشێوە)ن نەك (یەك کاتەگۆریی)ن، واتە وەك (خێزانێکی هاوشێوە) مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و پۆلێن بکرێن نەك وەك یەك (کاتەگۆری) تەواو هاوشێوە مامەڵەبکرێن.

نزیکایەتی و خێزانی هاوشێوە تەنها بە سەر کەرەستە ماددییە نازمانییەکاندا جێبەجێ نابێت، بەڵکو دەشکرێت لە پۆلێنکردنی کاتەگۆرییە زمانییەکانی وەك (مۆرفێم و وشەکان)یشدا جێبەجێبکرێت. ئەمەش جارێکی تر سەلمێنەری تیۆری یەکەمی زانستی زمانی درکپێکردنە، بەوەی، کە جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی کەرەستە زمانییەکان لە سەر بنەمای یەك/چەپکێك نیشانە چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە، هەربۆیە بە لەبریدانان جیاکردنەوە و دابڕانی پێکهاتە زمانییەکانی زمانیش لە ناو ئاوەزدا لە سەر بنەمای چەمکی (مودولارێتی) جارێکی تر چەمکێکی هەڵخەڵەتێنەرە. بە مەبەستی سەلماندنی ئەم ڕاستەییەش نمونەی پۆلێنکردن لە هەردو ئاستی (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)ی زمانی کوردیی دەکەینە بەڵگە:

١- پۆلێنکردن لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا:

لەم ئاستەدا نمونەی پاشگری دیاریکردن وەردەگرین، کە فۆڕمە سەرەکییەکەی بریتییە لە (/ – ەکە/)، کە ئاماژە دەدات بەو پاشگرەی لە زمانی کوردیدا، ئەگەر زیادبکرێت بۆ کۆتایی وشەیەك واتای (دیاریکردن) دەگەیەنێت. لە زمانی کوردیدا هەروەك زانراوە ئەم پاشگرە بە چەند فۆڕمێکی وەك ( /–ەکە/ و /–ە/ و /–یەکە/ و /–ۆکە/) دەردەکەوێت[٢٢]. وەك لە نمونەی (١٣ و ٣ب و ٣پ)دا دیارە:

(٣) ا/ کوڕ ←——— کوڕ[ەکە]

ب/ قاپی ←——— قاپی[ یەکە]

پ/ خانو ←——— خان[ۆکە]

بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تەنها واتا نییە، کە ئەم پاشگرە بە وشەکانی دەبەخشێت، بەڵکو ئەم پاشگرە دەشکرێت بچێتە سەر کۆتایی وشەیەك و جگە لە واتای دیاریکردن واتای خۆشەویستی یان واتای گاڵتەجاڕی ببەخشێت، هەروەك لە نمونەی (٤) و (٥)دا دیارە، کاتێك دەچێتە سەر وشەی (کەر):

کەر ←——— کەر[ە] ، کەر[ ەکە]

(٤) کەر[ە] ، تۆ بە گوێم بکە بزانە زەرەر دەکەیت!

(٥) بە خوا بێ گوێیە! هۆش کەر[ەکە]!

هەندێکجاریش لە پاڵ واتای دیاریکردندا واتای بچوککردنەوە و ناسکی دەبەخشێت، وەك لە نمونەکانی (٦)دا دەخرێتەڕو:

(٦) ا/ ئازاد ←——— [ ئازە]

ب/ محمد ⟵ [ حەمە]

پ/ ڕەشید ⟵ [ ڕەشە]

زۆرجاریش کاتێك ئەم پاشگرە دەچێتە سەر ئاوەڵناو چڕێتی پلەی ئاوەڵناوەکە بەرزدەکاتەوە، وەك لە نمونەی (٧)دا دەنوێنرێت:

(٧) ا/ جوان ⟵ جوان [ە]

ب/ جوان ⟵ گوڵە جوان[ەکە]!هات.

پ/ جوان ⟵ جوان[ ەکە]! هات.

ئەم نمونانەی سەرەوە نەخشەی ئەوە دەکێشنن کە پاشگری (/-ەکە/) تەنها یەك واتای نییە، بەڵکو لە بری ئەوەی پێکهاتیلەیەك بێت کاتەگۆرییەکی واتایە، کە چەند واتایەکی جیاوازی تێدایە و هەریەکەیان ئەندامێکی ئەم کاتەگۆرییە واتاییە، کە هەریەکێك لەم واتایانەی ئەم کاتەگۆرییە واتاییە جیاواز ڕەفتار دەکەن بە ڕێگەی جیاواز، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم واتا جیاوازانە وادەردەکەون، کە پەیوەستبن بە یەکترییەوە. هەربۆیە دەکرێت بگوترێت ئەم واتا جیاوازانەی ئەم پاشگرە لە زمانی کوردیدا دەیانگەیەنێت کاتەگۆرییەك دەخوڵقێنێت، کە وەك خێزانێکی هاوشێوەن. بەمەش دەسەلمێت، کە هەم چەمکی پۆلێنکردن لە مۆرفۆلۆژیدا بونی هەیە و هەم ئەم چەمکەش هەڵخەڵەتێنەرە، ئەگەر وەك کاتەگۆری پۆلێنکراو بیریان لێبکرێتەوە، چونکە جیاواز ڕەفتار دەکەن، بەڵام بە هۆی پەیوەستبونێکی واتایی لە نێوانیاندا خێزانێکی هاوشێوە دەخوڵقێنن.

٢-) پۆلێنکردن لە ئاستی سینتاکسدا:

لە زانستی زمانی چاولێکەری و نوێباویشدا باوەڕوایە، کە (وشەکان) دەکرێت لە سەر بنەمای ڕەفتاری مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیان و چۆنیەتی دابەشبونیان پۆلێنبکرێن بە سەر کاتەگۆرییەکانی وەك (ناو و ئاوەڵناو و کردار...هتد)[٢٣]. بەڵام ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی کارەکی لە ڕەفتارە ڕێزمانییەکانی ئەم کاتەگۆرییانە وردببینەوە، ئەوا تێبینی ئەوە دەکەین، کە بۆ نمونە هەمو ئەندامەکانی کاتەگۆری (ناو) یان (کردار) لە سەرجەم ڕەفتارە ڕێزمانییەکانیاندا تەواو هاوشێوە نین. هەربۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت، کە چەمکی پۆلێنکردنی (بەشەکانی ئاخاوتن) جارێکی تر کاتەگۆری هەلخەڵەتێنەر دادەمەزرێنن. بە مەبەستی خستنەڕوی ئەم ڕاستییەش هەریەکە لە کاتەگۆری (کردار) و (ناو) وەردەگرین و بە نمونەوە دەریدەخەین، کە مەرج نییە هەموو ئەندامەکانی کاتەگۆری (ناو) یان (کردار) وەك یەك ڕەفتاری ڕێزمانی بنوێنن:

١-) کاتەگۆری کردار:

بە مەبەستی زیاتر ئەزمونبەندکردنی بۆچونەکە لە ناو ئەم کاتەگۆرییەدا با لەم ڕەفتارە ڕێزمانییانەی هەندێك لە ئەندامەکانی ئەم کاتەگۆرییە ڕابمێنین:

ا- گرنگترین و سەرەکیترین نیشانەی ڕێزمانی ئەو کردارانەی، کە تێپەڕن (واتە دو هێزین لە ڕوانگەی بەبڕشتییەوە"Valance")، ئەوەیە، کە (بەرکار) بە شێوەیەکی خورتیی وەردەگرن، وەك لە ڕستەی (٨)دا دیارە:

(٨) كارۆ نان دەخوات.

بەڵام لە زمانەکەماندا هەندێك کردارمان هەیە لەگەڵ ئەوەشدا، کە کرداری تێپەڕن و بڕشتییان دو هێزییە، بەڵام پێکهاتەی (بەرکار) وەرناگرن یاخود ئەگەر وەریشیبگرن زیاتر لە شێوەی ڕستەیەکی شوێنکەوتودا دەبێت (کە لەم بارەشدا هەروەك ئەوە وایە وەرینەگرتبێت، چونکە لە ڕوانگەی چەمکی خێزانی هاوشێوە)وە بونی ڕستەی شوێنکەتو بە (بەرکار) نواندنی ڕەفتاری ڕێزمانی جیاوازە. ئەم ڕاستییەش زۆر ئاشکرا لە هەردو کرداری (زانیی) و (بینیی)دا دەردەکەوێت، هەروەك لە نمونەی (٩) و (١٠)دا دەخرێتەڕو:

(٩) ا/ کارۆ دەزانێت! (کردار بێ بەرکارە"کارتێکراوە") .

ب/ کارۆ زانیویەتی، [ ڕ.شوێنکەوتو= بەرکار کە ئەو دەڕوات ].

(١٠) ا/ من نابینم! (کردار بێ بەرکارە"کارتێکراوە") .

ب/ من نابینم، [ ڕ.شوێنکەوتو= بەرکار ئەگەر تۆ جێمبێڵیت ].

ب- ئەگەر پەیڕەوی ئەو بۆچونە بکەین، کە ڕستەی بکەرنادیار هەڵدەگوازرێت (بە پێچەوانەی ئەو بۆچونەی پێیوایە، کە کرداری بکەرنادیار لە زمانی کوردیدا بە هۆی پرۆسەی بە لێکسمبونەوە ڕاستەوخۆ وەك ڕستەی بکەردیار بەرهەمدێت)[٢٤]، ئەوا دەبێت هەمو کردارە تێپەڕەکان بتوانرێت بخرێنە ژێر باری نادیارییەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کرداری (هەبو) و هەندێك لەو کردارە لێکدراوانەی وەك یەك یەکە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت وەك (دەستکەوت) و (پێشکەوت) لە زمانی کوردیدا بەشداری ئەم ڕەفتارە ڕێزمانییەی زمانەکەمان ناکەن، هەروەك لە نمونەی (١١) و (١٢) و (١٣) و (١٤)دا دەنوێنرێت:

(١١) ا/ کارۆ دو چاوی هەیە.

ب/* دو چاو (لە لایەن کارۆوە) هەیە

(١٢) ا/ میر سواری پاسکیلەکە دەبێت.

ب/ * سواری پاسکیلەکە (لە لایەن میرەوە) دەبێت

(١٣) ا/ من دو هەزارم دەستکەوت.

ب/ * دو هەزار دەستکەوترا/ دەستدەکەوترێت

(١٤) ا/ من پێش تۆ دەکەوم.

ب/ * تۆ پێشکەوترا/ پێشدەکەوترێت

بەمشێوەیە لەگەڵ بونی ئەم جیاوازییانەشدا هێشتا ئەم کردارانەی لەم نمونانەدا خرانەڕو لە زۆر ڕەفتاری ڕێزمانی وەك (ئەگریمێنتیی و ئێرگاتیڤیی و .....هتد) لەگەڵ کردارەکانی تری زمانی کوردیدا هاوبەشن. هەربۆیە ئەم جیاوازییانە ئەم کردارانە ناکاتە دەرەوەی کاتەگۆری (کردار)، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەمەچەشنییە لە ڕەفتاری ڕێزمانیدا ئەوە نیشاندەدات، کە یەك/ چەپکێك

نیشانەی ڕێزمانی نییە، کە بکرێتە پێوانە بۆ ناساندنی ئەوەی، کە دەبێت ببێتە ئەندامی کاتەگۆری (کردار)، کەواتە کاتەگۆری (کردار) ئەو ئەندامانە دەگرێتە خۆی، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان هاوشێوەن و (خێزانێکی هاوشێوە) پێکدەهێنن نەك کاتەگۆرییەکی پۆلێنکراو.

**١-) کاتەگۆری ناو:**

ئەندامەکانی کاتەگۆری پۆلێنکراوی (ناو)یش بە هەمانشێوەی کاتەگۆری (کردار) نیشاندەری هەمەچەشنیەکی گەورە و بەرفراوانن، با بۆ سەلماندن بیر لەم دو ڕەفتارە ڕێزمانیە ناوازەی (ناو) بکەینەوە:

ا- مەرج نییە هەمو (ناوەکان) لە سینتاکسدا هەمان ڕەفتاری سینتاکسی بنوێنن، بۆ نمونە هەندێك لە ناوە گشتییەکان، تەنانەت جێناوە کەسییە سەربەخۆکانیش بۆ ئەوەی ئەرکی (بکەر/بەرکار) لە ڕستەدا ببینن، پێویست ناکات وەك ناوی ئاسایی بچنە بونیادێکی سینتاکسییەوە، تا ببنە فرێزی ناویی و وەك فرێزێك هەڵسوکەوت بکەن[٢٥]. بە مەبەستی درکپێکردنیش با بەراوردی نمونەی (١٥) و (١٦) بکەین:

(١٥) ا/ [ ف.ن ئازاد] هات.

ب/ [ ف.ن من ] کەی بێم؟

(١٦) ا/ [ ف.دیاریکەر[ ن. کوڕ [ م.دیاریکەر ەکە] ] ] هات.

ب/ [ ف.دیاریکەر[ ن. گوێز[ م.دیاریکەر ی [ ن. هەورامان] ] ] ] بە دەست دەشکێت.

ب- پەیوەست بە شێوەداڕشتنی ڕستەی کلکە پرسیار لە زمانی کوردیدا، پۆلی (ناوەکان) وەك کاتەگۆرییەك ڕەفتاری هەمەچەشن دەنوێنن، چونکە سەرجەم ئەو (ناوە) ئاساییانەی لەم جۆرە بونیادەدا (واتە ڕستەی کلکە پرسیار) پرسیاریان دەربارە دەکرێت لە بەشی کلکە پرسیارەکەیدا دەکرێت جێناوێك دەرببڕدرێت، کە ئاماژە بە ناوە سەرچاوە پرسیارلێکراوەکە (ئەنافۆرەکە) بدات، بەڵام ئەو ئەندامانەی کاتەگۆری (ناو)، کە ناو ئاسان وەك (ناوی ڕوداوەکان) کاتێك لەم جۆرە بونیادانەدا پرسیاریان لە سەر دەکرێت ناتوانرێت لە بەشی کلکە پرسیارەکەیاندا جێناوی ئاماژەدەر بە ئەنافۆرەکە (ناوە سەرچاوەکە) بگرێتە خۆ، هەروەك لە بەراوردکردنی نمونەکانی (١٧) و (١٨)دا دەخرێتەڕو:

(١٧) [ ن. میر ] کوڕێکی ڕاستگۆیە، پێتوانییە [ جێناوی ئاماژەدەر"ئەنافۆر" ئەو] وایە؟

i ⟶ i

(١٨) ا/ [ ناوی ڕوداو کوشتن ] دیاردەیەکی نامرۆڤانەیە، وانییە؟

ب/ [ ناوی ڕوداو دابڕان ] مردنێکی گەنجانەیە، وانییە؟

بەمشێوەیە دەبینین، کە کاتەگۆری (ناو)یش بە هەمانشێوەی کاتەگۆری (کردار) مەرج نییە ڕەفتاری نمونەیی هاوشێوە بکەن، تا لە سەر بنەمای ئەم ڕەفتارە سینتاکسیانەیان وەك یەك کاتەگۆری سینتاکسی پۆلێنبکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەم جیاوازیانەشدا هێشتا سەرجەم ئەندامەکانی کاتەگۆری (ناو) (چ ناوە ئاساییەکان چ ناوی ڕوداوەکان چ ناوئاساکان) لە چەند تایبەتمەندییەکی سینتاکسیدا وەك یەك ڕەفتار دەکەن. بەمەش دەتوانرێت (خێزانێکی هاوشێوە) بنوێنن و دەبنە

بنەمایەك بۆ هەڵوەشاندنەوەی چەمکی پۆلێنکردن و جیاکردنەوەی پێکهاتە زمانییەکان(واتە مۆدولارێتی).

**بەڵگەی دوهەم: ( فرەواتایی):**

ئەوەی لە زانستی زمانی گشتیدا زانراوە، کە فرەواتایی وەك دیاردەیەك پەیوەستە بە (واتای وشەوە). بەمەش (فرەواتایی) وەك دیاردەیەك، کە تەنها پەیوەستە بە واتای وشەوە وەك بنەمایەك دانراوە بۆ پۆلێنکردنی وشەکان وەك کاتەگۆرییەکی سەربەخۆ و جیاواز لە کەرەستە زمانییەکانی تری وەك (فۆنێم، مۆرفێم، فرێز، ڕستە). بەڵام زانستی زمانی درکپێکردن تەواو بە پێچەوانەی ئەم بۆچونەوە، پێیوایە، کە (فرەواتایی) نیشانەیەکی سەرەکی زمانی مرۆڤە. بەم پێیە بێت، دەبێت زۆربەی کێڵگە و ئاستەکانی زمان (فرەواتایی) بخەنەڕو. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەش نمونە لە ئاستەکانی (فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس)ی زمانی کوردیی دەهێنینەوە:

١-) فرەواتایی لە ئاستی فەرهەنگدا:

هەروەك ئاماژەی پێدرا کەرەستە فەرهەنگییەکانی ناو فەرهەنگی زمانی کوردیی ڕاستەوخۆ دیاردەی (فرەواتایی) دەخەنەڕو، هەروەك لە نمونەی (١٩) و (٢٠)دا دەخرێتەڕو:

(١٩) ا/ شیعرەکانی نالی بە [ زاری] سلێمانی نوسراوە. (واتای دیالێکت دەبەخشێت).

ب/ پەیکەرەکە لە [ زاری] ئەشکەوتەکە دانراوە. (واتای دەم/بەردەم/شوێن دەبەخشێت).

(٢٠) ا/ توێکڵی گوڵە بەڕۆژە فڕێ مەدەرە [ سەر] فەرشەکە. (واتای شوێن دەبەخشێت).

ب/ تەلەفزیۆنەکە بخەرە [ سەر] کوردسات. (واتای گۆڕینە کەناڵ دەبەخشێت).

٢-) فرەواتایی لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا:

بە پێچەوانەی ئەو بۆچونەی، کە باوەڕیوابوە، کە (فرەواتایی) دیاردەیەکە تەنها پەیوەستە بە واتای وشەی سەربەخۆوە، دەتوانرێت بگوترێت، کە مۆرفێمە ناسەربەخۆکانیش فرەوتایی دەخەنەڕو. بە مەبەستی ئەزمونبەندکردنی ئەم بۆچونەش پاشگری وشە داڕێژەری (/-ەر/) وەردەگرین، هەروەك لە نمونەی (٢١)دا دیارە:

(٢١) ا/ [ نوس[ەر]]،[ خوێن[ەر]]،[ دان[ەر]]،......هتد.

ب/ [ نینۆك[ەر]]،[ بزوێن[ەر]]،[ بڕ[ەر]]،[ قرتێن[ەر]]،....هتد.

ئێستا ئەگە لەو وشە داڕێژراوانە وردببینەوە، کە پاشگری (/-ەر/) داڕشتون لە وشەکانی نمونەی (٢١ا)دا، ئەوا دەبینین پاشگرەکە بۆتە هۆی بەخشینی واتای پیشەیی بە ناوە داڕێژراوەکە و (ناوی پیشە)ی دروستکردوە، بەڵام ئەم پاشگرە لە وشە داڕێژراوەکانی نمونەی (٢١ب)دا واتایەکی تەواو جیاوازی بە وشە داڕێژراوەکان بەخشیوە لەو واتایەی بە وشەکانی نمونەی (٢١ا)ی بەخشیبو، هەربۆیە وشەکانی نمونەی (٢١ب) زیاتر واتای (ناوی ئامڕاز) دەگەیەنێت.

٣-) فرەواتایی لە ئاستی سینتاکسدا:

ئەگەر لەم ئاستەدا قاڵبی سینتاکسی (دەبڵ بەرکار)[٢٦] وەربگرین، کە بە یاسای [ بکەر+بەرکار١+بەرکار٢+کردار] پێکهاتوە و هەردو بەرکارەکەشی خورتین، ئەگەرچی (بەرکاری٢) لە

فۆڕمی فریزی پێشناویدایە، بەڵام هێشتا هەردو بەرکارەکە خورتییانە نیشانە واتاییەکانی کردار داوایان دەکات، بە هۆی سیٚ هێزیی کردارەکەوە. ئەو جۆرە ڕستانەی لە زمانەکەماندا بەم یاسایە بەرهەمدێن جۆرێك لە (فرەواتایی) دەخەنەڕو، ئەگەرچی جۆرە پەیوەستبونێکی واتایی هەر لە نێوانیاندا بونی هەیە. دەشێت ئەم ڕاستیەش زیاتر لە ڕستەکانی نمونەی (٢٢)دا بنوێنرێت، کە هەریەکێك لە ڕستەکانی واتایەکی تایبەتمەند دەبەخشێت، بەڵام هەمو ڕستەکانیش لە چەمکێکدا یەکدەگرنەوە، کە ئەویش گەیاندنی واتایی (گواستنەوەیە):

(٢٢)

| | بکەر | بەرکاری١ | بەرکاری٢ | کردار | |
|---|---|---|---|---|---|
| ا/ | میر | کتێبەکەی | بە کارۆ | دا. | ← (پێدان) |
| ب/ | میر | کتێبەکەی | بۆ کارۆ | گەڕاندەوە. | ← (بۆ گەڕاندنەوە) |
| پ/ | میر | کتێبەکەی | لە کارۆ | وەرگرتەوە. | ← (لێوەرگرتنەوە) |
| ت/ | میر | کتێبەکەی | بە کارۆدا | ناردەوە. | ← (پێداناردنەوە) |

بەمشێوەیە (زانستی زمانی درکپێکردن) پێشنیازی ئەوە دەکات (هەروەك خرایەڕو و سەلمێنرا)، کە هەردو چەمکی (پۆلێنکردن) و (فرەواتایی) خاسیەتی هەمو ئاست و کێڵگە و بوارەکانی زمانی مرۆڤە نەك تەنها یەك ئاست و بوار وەك پێشتر خرابوەڕو. هەربۆیە توانای (پۆلێنکردن) بەم ڕوانگەیە درکپێکراوانە دەڕەخسێت، کە لە ڕێگەی تێگەیشتن لە هەر کاتەگۆرییەك و پەیوەندی و پەیوەستبونی واتایی نێوان ئەندامەکانی ئەو کاتەگۆرییە و پەیوەندیشیان بە کاتەگۆرییەکانی تر و ئەندامەکانییەوە دروست دەبێت، نەك لە ڕێگەی بڕیاردانێکی یەکلایکەرەوەی وەك جیاکردنەوە و دابڕنیان لە یەکتری، هەروەك لە چەمکی (مۆدولارێتی)دا خرابوەڕو.

**تیۆری دوهەم:**

بنەمای ئەم تیۆرییە ئەوەیە، کە: (( ڕێزمان بریتییە لە سیستەمی بە چەمککردن))[٢٧]. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت بنەمایەکی تری سەرەکی و گرنگی توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ خۆی لە پڕۆسە و سیستەمی ( بەچەمککردن"Conceptualization" )ی شارەزایی زمانیدا دەبینێتەوە، تاوەکو بتوانرێت پەیوەندیکردنی پیٚ ئەنجامبدرێت. ئەم پڕۆسەی (بەچەمککردن)ەش سەرجەم دروستە چەمکییەکانی بیرکردنەوە و جیهانبینی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە خۆیان لە چۆنیەتی شیکردنەوەی (بونیادە ڕێزمانییەکان) و (شکاندنەوە ڕێزمانییەکان)دا دەبیننەوە، بە مەبەستی لێکدانەوەی ئەوەی چۆن شارەزایی بەچەمککراو پەیوەندیکردنی پیٚ ئەنجامدەدرێت. بەمشێوەیە (زانستی زمانی درکپێکردن) شیکردنەوەکانی بۆ ئەم تیۆرییە لە ناو دیاردەی (سیمانتیکی لێکسیمەکان)ی وەك (فرەواتا و میتافۆڕ) و دیاردەی (پەیوەندی لێکسیمەکان)ی وەك (هایپۆنیم و

میرۆنۆمی و ئەنتۆنیمی)دا دەکات. هەروەك لە شیکردنەوەکانی تیۆری یەکەمیشدا خرایەڕو، پێداچونەکانی George Lakoffبۆ تیۆری (بەچەمککردنی ڕێزمان) لە (پەیوەندی دركپێكردن"Cognitive Commitment")[٢٨]دا داڕێژراوەتەوە. لاكۆف هەوڵیداوە بەم پەیوەندییە لێکۆڵینەوە لە ڕێساکانی دروستەی زمانی (واتە ڕێزمان) بکات. لەم ڕوانگەیەوە (پەیوەندی دركپێكردن) پێیوابوە، زمان و دامەزراوە زمانەوانییەکەی زیاتر ڕەنگدانەوەی ڕێسا دركپێكردنە گشتییەکانی مرۆڤە وەك لەوەی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێسا دركپێكردنانە بێت، کە تایبەتمەندە بە زمانی مرۆڤ. بەمەش (بەچەمککردنی ڕێزمان) زیاتر (بە چەمککردن)ی ڕێسا دركپێكردنە گشتییەکانی مرۆڤە. بە مەبەستی کۆنکریتکردنی ئەم تیۆرییە لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات دو بەڵگە و بەڵگەهێنانەوە لە ڕوانگەی (زانستی زمانی دركپێكردن)ەوە پەیپێبراوانە بخاتەڕو، کە ئەوانیش زیاتر بریتین لە (بەچەمککردن لە سەر بنەمای سەرنجدان"Attention") و (بیرۆکەی بە چەمککردن لە دیاردەی پۆلێنکردندا).

١- پڕۆسەی بە چەمککردن لە ڕێزماندا لە سەر بنەمای سەرنجدان "Attention":

مەودای بونیادە ڕێزمانییەکان بنەمایەکی گرنگی خستنەڕوی ئەم لایەنەی (دیاریکردن"تشخیص/Profile")ی زمانە، بە شێوەیەك هەر بونیادێکی ڕێزمانی بە پێی ئەو مەودایەی هەیەتی خزمەتی دیاریکردنی لایەنە جیاوازەکانی وێنەیەکی(مەشهەدێکی) زانراو دەکەن. بۆ نمونە، ئەگەر لە بارودۆخێکدا منالێك لە کاتی یاریکردنیدا لە ژوری دانیشتندا شەقێك لە تەلەفزیۆنەکە هەڵبدات و بە هۆیەوە تەلەفزیۆنەکە بکەوێت و بشکێت و دواتریش پارچە پارچە ببێت (واتە ورد و خاش ببێت)، ئەوا دەکرێت وێنە جیاوازەکانی ئەم بارودۆخە بە شێوەیەکی زمانەوانی دیاریبکرێت، هەروەك لە ڕستەکانی نمونەی (٢٣)دا دەردەکەوێت:

(٢٣)

ا/ منداڵەکە شەقێکی لە تەلەفزیۆنەکە هەڵدا. (ڕستەکە وێنەی ڕەفتاری منداڵەکەی گواستۆتەوە).

ب/ تەلەفزیۆنەکە شەقی تێهەڵدرا. (ڕستەکە وێنەی کەوتنە خوارەوەی تەلەفزیۆنەکەی گواستۆتەوە).

پ/ تەلەفزیۆنەکە شکا. (ڕستەکە وێنەی کاتی ڕوداوەکەی گواستۆتەوە).

ت/ تەلەفزیۆنەکە ورد خاش/پارچەپارچە بو. (ڕستەکە وێنەی دوای ڕوداوەکەی گواستۆتەوە).

ئێستا دەکرێت لایەنە جیاوازەکانی وێنە دیاریکراوەکانی ڕوداوەکە، کە لە ڕستەکانی نمونەی (٢٣)دا جفرەی لێدرابو لە وێنەکانی (٢)دا سەر لە نوێ بخرێتەڕو:



وێنەی (٢.١) وێنەی (٢.ب)





وێنەی (٢.پ) وێنەی (٢.ت)

**وێنەی (٢)**

ئێستا هەروەك لە وێنەکاندا دیارە، وێنەی (٢.١) پەیکاڵە بە ڕستەی (١٢٣)، کە لە وێنەکەدا (کارا و کارتێکراو) بە هۆی دو بازنەوە خراونەتەڕو کردەی کردارەکەش، کە لە (کارا)ەوە خراواتە سەر (کارتێکراو) بە هۆی ڕاستەهێڵێکەوە خراوەتەڕو، کە ئەمیش لە خۆیدا نواندنی هێزی گواستراوەیە لە کاراوە بۆ کارتێکراو. خستنەڕوی هەردو بازنەکە و ڕاستەهێڵەکەش لە وێنەکەدا بە خەتی تۆخی ڕەشکراوە ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە زنجیرەی تەواوی کردەکە دیاریکراوە، کە مەبەستی سەرەکی بونیادە ڕێزمانییەکەی ڕستەی (١٢٣)ە. ئەگەر بێتو بەراوردی ڕستەی (٢٣ب)یش بە وێنەی (٢.ب) بکرێت، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕستەی (٢٣ب) ڕستەیەکی بکەرنادیارە. هەربۆیە لەم ڕستەیەدا تەنها (کارتێکراو) و هێزی گواستراوە لە (کارا)ەوە بۆ (کارتێکراو) (واتە کردەی کردار) دیاریکراوە و لە ڕستەکەدا (کارا) تێبینی نەکراوە، هەربۆیە لە دیاریکردنەکەشیدا بونی نییە(ئەمەش بە هۆی ئەوەی گوێگر سەنتەری کۆزانینی ئاخاوتنەکەیە)، بەڵام ڕونە، کە لە بونیادی ڕستەی زمانی کوردیدا دەبێت گوێگر (کارا) وەك بەشێك لە باکگراوەندی خۆی درکی پێبکات، چونکە دیارە، کە جێبەجێبونی (کردەی کردار) لە سەر (کارتێکراو) پێویستی بە (کارا)یە بۆ وروژاندنی هێزی گواستنەوەی هێزی کردەی کردارەکە. ئەم ڕاستییە درکپێکراوەکەش (ئەگەرچی لە ڕستەی "٢٣ب"دا بە شێوەیەکی فیزیکی ونە) لە وێنەی (٢.ب)دا بونی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی ئەو جێکەوتەیەیە، کە دەبێت (کارا)کەی تێدابێت لە ڕوانگەی چێوەی دەقی ڕستەکەوە تێیدەگەین، ئەگەرچی لە دیاریکردنی ڕستەی (٢٣ب)یشدا بونی نەبێت. بەڵام ئەگەر لە وێنەی (٢.ب) وردببینەوە، دەبینین، کە بازنەی (کارا)کە بە خەتی کاڵی باریك نوسراوە نەك تۆخی ڕەش. ئەمەش بە مەبەستی گەیاندنی ئەو ڕاستییەی، کە ئەگەرچی (کارا) لە بونیادی ڕێزمانی ڕستەی بکەرنادیاردا بونی نییە، بەڵام گوێگر هەر درکی پێدەکات.

لە بەراوردکردنی ڕستەی (٢٣پ) و وێنەی (٢.پ)یشەوە، ئەوە تێدەگەین، کە ڕستەی (٢٣پ)گۆڕانی حاڵەتی تەلەفزیۆنەکەی دیاریکردوە، کە ئەویش خستنەڕوی وێنەی ڕاستەقینەی شکاندنی تەلەفزیۆنەکەیە. ئەم ڕاستییە درکپێکراوە و وردەکارییە وێنەییە درکپێکراوەکانی دەکرێت لە وێنەی (٢.پ)دا بنوێنرێت، بەوەی، کە لە وێنەکەدا گۆڕانی ناوەکیی خودی تەلەفزیۆنەکە دیاریکراوە و ئەو ڕاستەهێڵەش، کە لە ناو بازنەکەدایە ئەو ڕاستییە دەردەخات، کە تەلەفزیۆنەکە توشی گۆڕانی ناوەکیی لە حاڵەت و شێوەکەیدا بوە. ئەم حاڵەت و شێوە گۆڕانەش، کە

**تەلەفزیۆنەکەی بۆ دەگوازرێتەوە دەکرێت بە هۆی چوارگۆشەیەك، کە لە ناو بازنەکەدا کێشراوە، بخرێتەڕو. وێنەکێشانی هەریەکە لە بازنە و ڕاستەهێڵی ناو بازنەکە و خودی چوارگۆشەکەی ناو بازنەکەش بە خەتی تۆخی ڕەش بۆ خستنەڕوی ئەو لایەنەی وێنەی دیارکراوەکەیە، کە زنجیرەی کردارەکە بە تەواوی دیاریکراوە، کە ئەویش بریتییە لەوەی تەلەفزیۆنەکە بەو کاریگەرییەی بەریکەوتوە کەوتۆتە خوارەوە و شکاوە و شێوە و حاڵەتی پێش شکاندنەکەی نەماوە و گۆڕاوە.**

**خۆ ئەگر بێتو لە شیکردنەوە هەمبەرییەکانی ڕستەی (٢٣پ و ٢.پ)یشەوە لە ڕستەی (٢٣ت) و وێنەی (٢.ت) بڕوانین، ئەوا دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕستەی (٢٣ت) بە هۆی بونیادی ڕێزمانی [ بکەر+تەواوکەر+کرداری بون] ەوە ڕستەکە توانیویەتی حاڵەتی پاش شکاندنی تەلەفزیۆنەکە بخاتەڕو، کە ئەویش وردوخاش بون و پارچەپارچە بونیەتی. هەربۆیە دەبینین لە وێنەی (٢.ت)دا هیچ جۆرە ڕاستەهێڵێك لە ناو بازنەکەدا بونی نییە، چونکە ڕستەی (٢٣ت) گرنگی بە دیاریکردنی گۆڕانی حاڵەت و شێوەی تەلەفزیۆنەکە نەداوە لە باری نەشکاوییەوە بۆ باریی شکاویی، بەڵکو ڕستەی (٢٣ت) ئەو لایەنەی دیارکردوە، کە بریتییە لە چۆنیەتی پەسنکردنی خودی شکاوییەکە و دوای شکاوییەکە، کە ئەویش بریتییە لە پارچەپارچە بون و وردوخاش بون.**

**دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشتر، کە دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە زمان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ڕێسا گشتییە درکپێکردنەکانی وەك (سەرنجدان و تێڕامان"Attention")ی مرۆڤە ڕەفتاری (کردارە هەواڵییەکان)ی زمانی کوردییە لە هەردو بونیادی ڕێزمانی (بکەردیار و بکەرنادیار)دا، چونکە لە ڕاستیدا مامەڵەکردنی قسەکەر و گوێگر لەگەڵ ئەمجۆرە کردارانەی زمانەکەمان زیاتر سەرنجدان و تێڕامانە لە گۆڕانی حاڵەتی ئەو کەس و شتانەی هەواڵەکەیان لە سەر دەربڕاوە نەك سەرنجدان و تێڕامان بێت لە خودی کردارە هەواڵییەکە. بۆ نمونە لە ڕستەکانی (٢٤)دا هێندەی چۆنیەتی گۆڕینی حاڵەتی (سوتاندنی خانو)ەکە گرنگە و جێگەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەندە چۆنیەتی کردەی (سوتاندن) گرنگ نییە و جێگەی سەرنجدان و تێڕامان نییە:**

**(٢٤) ا/ ئاگرەکە خانوەکەی سوتاند. (بکەردیار).**

**ب/ خانوەکە سوتا. (بکەرنادیار).**

**٢-) بیرۆکەی بە چەمککردن لە دیاردەی پۆلێنکردندا:**

**بە تێڕوانینی (زانستی زمانی درکپێکردن) خودی پۆلێنکردن بریتییە لە کاتەگۆرییە هەڵخەڵەتێنەرەکان، چونکە ئەندامەکانی ئەم کاتەگۆرییە پۆلێنکراوانە لە سەر بنەمای ئەوەی هەندێك ئەندامیان کەمتر و هەندێك ئەندامیشیان زیاتر کاتەگۆرییەکەیان دەنوێنن و بەشێکن لە کاتەگۆرییەکە - بێگومان جگە لە ئەندامە سەنتەرییەکانیان -. هەربۆیە پەیوەستبونی ئەندامەکانی ئەم کاتەگۆرییانە لە ڕێگەی خێزانی هاوشێوە و نزیکایەتییەوە زیاتر لەوەی لە ڕێگەی تەنها نیشانەیەکی پێوانییەوە پەیوەستبن بەم کاتەگۆرییانەوە (هەروەك لە کاتەگۆری "کوپ" بینیمان). لەم بیرکردنەوەیەشدا (زانستی زمانی درکپێکردن) ئەوەی پەیپێبردوە، کە کاتەگۆرییە**

زمانییەکانیش بە هەمانشێوە ڕەفتاری زمانیی جودا دەنوێنن، ئەگەرچی لە کاتەگۆرییەکیشدا بن و خێزان و هاوشێوەبن (هەروەك لە شیکردنەوە کارەکییەکانی تیۆری یەکەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە هێنرابۆوە). ئەمەش ڕاستەوانە ئەو ڕاستەییە دەردەخات، کە ئەو ڕێسایانەی مرۆڤ بۆ بەخشینی فۆڕم بە شتەکانی دەوروبەری و پۆلێنکردنیان بەکاریدێنێت، هەر هەمان ڕێساش بۆ بەخشینی فۆڕم بە یەکە زمانییەکان و پۆلێنکردنیان بەکاردێنێت، کە ئەویش بریتییە لە ڕێسا درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤ، نەك ڕێسا درکپێکردنە زمانییەکانی مرۆڤ بە تەنیا.

لە گفتوگۆی ئەم دو بەڵگەیەوە، کە تیایاندا لایەنەکانی تێگەیشتنی گشتی لە زماندا دەردەکەوتن، بنەمایەکی درکپێکردن ڕەخساوە بۆ تێگەیشتن لەوەی، کە زمان ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی گشتییە. بەمەش ڕاستەوخۆ دەسەلمێت، کە (ڕێزمان) سیستەمێکە لە (بە چەمککردنی) سەرجەمی تێگەیشتنی مرۆڤ.

تیۆری سێهەم:

(کۆزانینی زمانیی) لە بەکارهێنانی زمانەوە سەرهەڵدەدات و دروستدەبێت. (زانستی زمانی درکپێکردن) بەو شێوەیە گفتوگۆی ئەم تیۆرییەی دەکات، کە وردەکاری و شیکردنەوە بۆ زیرەکیی هەمەچەشن لە ڕەفتاری سینتاکسی و لێکدانەوەی سیمانتیکییەوە سەرهەڵدەدات و بە مۆدێلە جیاوازەکانی نواندنی ڕێزمانی دەبەخشرێت. لە ڕاستیدا تیۆرییەکە وەڵامدانەوەیەکە بۆ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکانی سینتاکس و سیمانتیك، کە تێیدا بە شێوەیەکی گشتی و ئەبستراکت کاتەگۆرییەکان و نەخشە وێنەکانیان هەندێکجار بانگەشەیان بۆکراوە، کە گوایە خۆڕسکییانە بە مرۆڤ بەخشراوە، هەروەك چۆن واشدانراوە، کە ئەم توانا خۆڕسکییە کۆزانینی زمانەوانی مرۆڤیش ڕێکدەخات و پۆلێندەکات[٢٩].

لە ڕاستیدا (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە) و ڕێبازە شێوازبەندەکانی لێکۆڵینەوەی سیمانتیك (بە تایبەتی ڕێبازەکەی Richard Montague)[٣٠] باوەڕیانوابوە، کە پێویستە لێکۆڵینەوە لە زمان بکرێت وەك سیستەمێکی شێوازبەندی کۆمپیوتەرییانە بە بێ لە بەرچاوگرتنی شارەزاییەکانی مرۆڤ. لەم ڕوانگەیەوە (زانستی زمانی درکپێکردن) تێڕوانینی نەك هەر پێچەوانەیە، بەڵکو هەرگیز وەك قوتابخانەیەکی ئاوەزیی دەرناکەوێت و زیاتر ئیلهام لە بۆچونی قوتابخانە ڕفتارییەکان/ ئەزمونگەرییەکان وەردەگرێت، لێرەشەوە زیاتر گەشەیانداوە بە جەختکردنەوە لە سەر گرنگی شارەزایی مرۆڤ[٣١]. بەم شێوەیە (زانستی زمانی درکپێکردن) بە تێڕوانینێکی ئەزمونگەرییانە پێیوایە، کە ناتوانرێت لێکۆڵینەوە لە ئاوەزی مرۆڤ (بێگومان مەبەست لە زمانیشە) بکرێت بە دابڕاوی و دور لە شارەزایی مرۆڤ[٣٢].

بەم پێیە (زانستی زمانی درکپێکردن) لەم تیۆرییەدا زیاتر ئەو ڕاستییە ڕەچاو دەکات، کە (ئاڵۆزیی زمان و توانا بۆ بەکارهێنانی ئاست بەرزی شارەزاییە درکپێکردنەکان) تەنها لە ناو مرۆڤدا بونیان هەیە و دەبینرێت. بەمەش قوتابخانەکە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ئەم دو توانایە (زمان و درکپێیکردن) نمونەییانە و بە شێوەیەکی نزیکەییانە پێکەوە ئاڵاون و هەریەك لەم دو توانایە

شیانی بونیان دەرەخسێت لە ڕێگەی تواناکەی تریانەوە (واتە ئەم دو توانایە پشتیان بە یەکتری بەستوە).

بەمشێوەیە بە بەرجەستەکردنی ئەم شارەزاییەی مرۆڤ دەربارەی ژیان و واقع ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دو لایەنەوە هەیە، کە زیاتر (لایەنی بایلۆژی مرۆڤ) و (ئەو ژینگەیەی کارلێکی لەگەڵ دەکات) دەگرێتەوە[٣٣] .هەربۆیە ئەو چەمکانەی مرۆڤ بە دەستیان دەهێنێت و سروشتی (ڕاستی و ڕاستەقینە)ش، کە مرۆڤ بیری لێدەکاتەوە و قسەیان دەربارە دەکات خۆی لە چۆنیەتی بەرجەستەکردنی ئەم شارەزاییانەدا دەبینێتەوە، چونکە مرۆڤ دەتوانێت تەنها دەربارەی ئەو واقعەی هەستی پێدەکات و تێیدەگات قسە بکات. بەرجەستەکردنی شارەزایی مرۆڤیش هەر لەم خاڵەوە هەڵدەهێنجرێت. بەمجۆرە (زانستی زمانی درکپێکردن) پێیوایە، کە دەبێت ئاوەزی مرۆڤ بە کاریگەری بەرجەستەکردنی شارەزایی ئاڕاستە بکرێت. کەواتە تیۆری سێهەمی ئەم زانستە ڕاستەوخۆ بانگەشەی ئەوە دەکات، کە زمان ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی واقع نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا زیاتر ڕەنگدانەوەی تێڕوانینە داهێنراوەکانی مرۆڤە لە سەر ئەو واقعەی، کە تێیدا دەژی و لە ڕێگەی شارەزاییەکانی و بەرجەستەکردنی بۆ شارەزاییەکانی دەیخوڵقێنێت و قسەیان دەربارە دەکات.

باشترین نمونەش وەك بەڵگەیەك بۆ ئەم تیۆرییە هێنانەوەی ئەو ئاخاوتنە جیاوازانەیە، کە لە لای مرۆڤێك یان کۆمەڵێك مرۆڤ واتادارە و تێیدەگەن، بەڵام هەمان ئاخاوتن لای مرۆڤێکی تر بێ واتایە و تێیناگەن. نمونەی ئەمجۆرە بارودۆخە ئاخاوتنانەش لە زمانی کوردیدا گەلێکن، وەك (ئاخاوتنی پزیشکەکان و تێنەگەیشتنیان لای هەندێك لە نەخۆشەکان) و (ئاخاوتنی ژیربێژەکان و ئاڵۆزی تێگەیشتنیان تەنانەت بۆ هەندێك لە ڕۆشنبیرانیش) و (ئاخاوتنی زمانەوانەکان و تێنەگەیشتنی لە لایەن هەندێك لە زانای زانستە پەتییەکانەوە)و.....هتد.

## تەوەرەی سێهەم// بنەما درکپێکردنەکان لە ڕێزمانی کوردیدا:

ڕێزمانی کوردی وەك ناوەخنیی زمانی کوردی ڕەنگدانەوەی گەلێك لەو بنەمایانەیە، کە (زانستی زمانی درکپێکردن) هەوڵی شیکردنەوەیان بۆ دەدات. لەم ڕوانگەیەوە زۆرێك لە بنەماکانی درکپێکردنی مرۆڤی کورد و چۆنیەتی تێڕامان و ڕوانینی لە خودی خۆی و ژینگەکەی و کۆمەڵگاکەی بەشدارییەکی ڕاستەوخۆیان هەبوە و هەیە لە داڕشتنی کرۆك و شێوەی ڕێزمانی زمانەکەیدا. ئەم بەشدارییە بە ڕادە و ڕێژەیەکە، کە ئەگەر شیکردنەوەی تەواوەتیان بۆ بکرێت یەك مەبەستی دو دیویی گرنگ بە دەست دێت، کە یەکەمیان خۆی لە شیکاری زمانەکەیاندا دەبینێتەوە و دیوی دوهەمیشیان ناڕاستەوخۆ بەهۆیەوە دەتوانرێت پەیببرێت بە مەودای بیرکردنەوەکانی مرۆڤی کورد وتێڕامان و سەرنجدانەکانی لە بونەوەرە زیندوەکانەوە بۆ کەرەستە نازیندوەکان. بێگومان لەم پەیپێبردنەشدا لێکۆڵینەوەکە (تیۆری دوهەمی زانستی زمانی درکپێکردن)، کە بریتییە لەوەی (ڕێزمان بریتییە لە سیستەمی بە چەمککردن) وەردەگرێت، بەو پێیەی سەرجەم

تێڕامان و سەرنجدان و بیرکردنەوە و شارەزاییە ئاوەزیی و کلتوریی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە ڕێزمانی زمانەکەیدا بە چەمککراوە و ڕاستەوخۆ لە ڕێزماندا ڕەنگیداتەوە، بەڕادەیەك، کە خودی زمان بریتییە لە کۆزانینی ئەو مرۆڤە لە سەر خۆی و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژی بەو ڕوانگە و پەسنکردنەی ئەوی مرۆڤ خاوەنیەتی. هەربۆیە لەم تەوەرەیەی لێکۆڵینەوەکەدا، لێکۆڵینەوەکە هەوڵدەدات هەندێك لەو بنەما درکپێکردنانەی لە ناوەخنیی ڕێزمانی کوردیدا پەنهانیانە هەڵگیراون (کە لێرەدا زیاتر لە دو چەشن بنەمادا دەخرێنەڕو، کە جۆر و یاسای هەر یەکێك لەم دو بنەمایانە دەهێنرێنەوە) بخاتەڕو و بە نمونەی کارەکییەوە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە ڕاڤەیەکی شیکارییانەیان بۆ بکات.

- بنەمای درکپێکردنی یەکەم:

**به چەمکبونی سەرچاوەیی لە ڕێزماندا:**

لە گشت زانستەکاندا (تەنانەت لە دایکی زانستیشدا"واتە ژیربێژیی")، (مرۆڤ) ئەو سەنتەر و کرۆکە بوە، کە داهێنانەکانیان لە پێناویدا خولّقاندوە. ئەم چەمکی سەنتەریی و کرۆکییەی (مرۆڤ) ڕاستەوخۆ لە ناو (زمان)یشدا ڕەنگیداتەوە و (زانستی زمانی درکپێکردن)یش زۆر بە وردی لێیدەڕوانێت و هەوڵی شیکردنەوەی بۆ دەدات بە یەکێك لە ڕێسا سەرەکییەکانی خۆی داناوە، کە بە ناوی (ڕێسای بەسەرچاوەکردن لە زماندا" The Principle of Indexicality in Language")[٣٤] ناوەزدکراوە. لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر لە زمانی کوردیی وردببینەوە، دەبینین، کە زۆر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم سەنتەریی و کرۆکیەی (مرۆڤ) لە زمانەکەماندا ڕەنگیداوەتەوە، بە شێوەیەك، کە مرۆڤی کورد لە کاتی قسەکردنیدا دەتوانێت لە مەودای گرنگی پێدانی خۆیدا ئاماژە بە خۆشیی و کەرەستەکانی دەوروبەریشیی بدات. ئەم تێڕوانینە (تاکگەراییانە/ئیگۆییانە"EGO") زۆر بە شێوەیەکی ئاشکرا لە بەکارهێنانی زمانی کوردیدا دەردەکەوێت و بەردەوام شوێنی ئامادەبونی خۆمان/قسەکەر و ئەو کاتەی قسەکەر قسەی تێدا دەکات. ئەمە جگە لە پێگەی کەسیی قسەکەر، کە بەردەوام دەبێتە خاڵی گەڕانەوەی سەرچاوەیی بۆ زانین و پەیبردن بە شوێن و کات و پێگەی کەس و بونەوەرەکانی تری دەوروبەرمان. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت چەند نمونەیەکی درکپێکراو پەیپێببرێت. بۆ نمونە لە ڕێزمانی زمانیی کوردیدا دەربڕاوە ئاماژەپێدەر و دیاریکەرەکانی وەك (لێرە، لەوێ، ئەمە/ئەمانە، ئەوە/ئەوانە) و دەربڕاوە ئەدڤێربییەکانی وەك (ئەمڕۆ، سبەینێ، ئێستا، دواتر، ئەوکاتە،....هتد) و جێناوی کەسیی یەکەم و دوهەم و سێهەمیی تاك (من، تۆ، ئێمە) زیاتر وەك دەربڕاوی (نیشاندان و خستنەڕو) لە زماندا ڕۆڵدەبینن و ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شوێن و کات و پێگەی قسەکردنی قسەکەر دیاریدەکەن و بە شێوەیەك لە شێوەکان تاکگەرایی(EGO) تاکی قسەکەر دەنوێنن. ئەمە بێجگە لەوەی، کە جارێکی تریش لێکدانەوەی ئەم دەربڕاوە (نیشاندان و خستنەڕو)انە لە زماندا بە لەبەرچاوگرتنی دەقیی بارودۆخ دەگۆڕێت. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم چەمکی تاکگەراییانە لە زماندا و چۆنیەتی درکپێکردنیان لەم ڕستانە بڕوانین:

(٢٥) ا/ میر لێرەییە/لەوێیە.

ب/ ئەمە/ئەمانە(ئەوە/ئەوانە) قەڵەمەکەیە/قەڵەمەکانە.

ئەگەر لە ڕستەی (١٢٥) وردببینەوە، کە تێیدا دەربڕاوە ئاماژەپێدەر و دیاریکەرەکانی (لێرە، لەوێ) تێیدا بەشدارە، دەبینین، کە درکپێکردنی شوێنی (میر)، کە کەسیی بەرانبەر پرسیاری لێکردوە دەبێت لە ڕوانگەی پەیپێبردنییەوە بێت بە شوێنی کەسیی (قسەکەر)، کە ڕستەی (١٢٥) دەریبڕیوە. هەربۆیە تاکگەرایی (EGO)ی کەسیی قسەکەر بنەمای درکپێکردن بە زانیاری داواکراو دەبێت. ڕستەی (٢٥ب)یش بە هەمانشێوەی ڕستەی (١٢٥) تەنها کاتێك گوێگر (پرسیارکەر) وەڵام تێدەگات، ئەگەر پەی بە تاکگەرایی قسەکەر (کە لێرەدا مەبەست شوێنی قسەکەرە) ببات.

هەر لە ڕوانگەی شیکردنەوەکانی نمونەی (٢٥)ەوە، با لە نمونەی (٢٦) بڕوانین، کە تێیدا دەربڕاوی ئەدڤێربیی (ئێستا) پەیپێدەبرێت:

(٢٦) ئێستا دەڕۆم.

ئەگەر لەم ڕستەیە وردببینەوە، ئەوا دەبینین، کە تەنها کاتێك لە واتایی کردەی کردارەکە تێدەگەین، کە پەی بە کاتی جێبەجێکردنی کردەی کردارەکە بەرین. بەمەش ڕاوستەوخۆ درکپێکردنێکی تاکگەراییانەمان لا دروست دەبێت بۆ کاتی ئاخاوتنی ئاخێوەر، کە لە هەمانکاتیشدا کاتی جێبەجێکردنی کردەی کردارەکەیە.

هەر لە سەر هەمان ئاڕاستەی شیکردنەوەی نمونەکانی (٢٥ و ٢٦) با لە ڕستەکانی نمونەی (٢٧)، بڕوانین:

(٢٧) ا/ من دێم.

ب/ تۆ وەرە.

پ/ ئێمە دێین.

ئەگەر لەم سێ ڕستەی نمونەکە وردببینەوە، دەبینین، کە ڕاستەوخۆ هەبونی جێناوی کەسیی یەکەم و دوهەم و سێهەم دەبێتە هۆی نیشاندان و خستنەڕوی کەسێتی کەسیی قسەکەر، کە لە ڕستەی (١٢٧) تاکێتی تاکی قسەکەر ڕاستەوخۆ دەربڕاوە و لە قاڵبی پەنهانیی هاتۆتە دەرەوە، بەڵام لە ڕستەی (٢٧ب)دا، کە تێیدا (من)ی قسەکەر داوام لەوی گوێگر کردوە بۆ شوێن و کاتی قسەکردنی (من) بێت بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە تاکگەرایی منی قسەکەری دەرخستوە. لە کاتێکدا ڕستەی (٢٧پ) بە هەمانشێوەی ڕستەی (١٢٧) ڕاستەوخۆیانە تاکگەرایی قسەکەرانی نیشانداوە.

ئەم ڕاستییە درکپێکراوەش دەکرێت لە ڕستەکانی (١٢٨ و ٢٨ب و ٢٨پ)دا زیاتر پەیپێببرێت:

(٢٨) ا/ خۆم دێم.

ب/ ئەی تۆ بۆ نایەیت.

پ/ خۆمان دێین.

ڕستەکانی (١٢٨ و ٢٨پ) زەقکردنەوەی تاکگەراییانەی قسەکەر تیایاندا ئاشکراتر نوێنراوە، لە کاتێکدا لە ڕستەی (٢٨ب)دا گوێگری ڕستەی (٢٧ب) تاکگەرایی خۆی زەقکردۆتەوە و ڕازی نەبوە بە تاکگەرایی قسەکەری ڕستەی (٢٧ب).

ئەمە وێرای ئەوەی زۆرجار لە زمانی کوردیدا بە مەبەستی دیاریکردنی ئەو کەرەستە و شتانەی پەیوەندی بە خودی خۆمانەوە (وەك مرۆڤ) نییە زیاتر لە دەربڕینەکانماندا بۆ دیاریکردنیان پەنا دەبرێتە بەر تاکگەرایی(EGO) قسەکەر. بۆ تێگەیشتنی زیاتر با لە ڕستەی (٢٩) وردببینەوە:

(٢٩) ڕاستە ڕاپەڕینی مەزنی کورد پێش لەدایکبونی من بوە، بەڵام منیش نەوەی ئەو ڕاپەڕینەم.

ئەگەر بمانەوێت پەی بە چەمکی ئەم ڕستەیە ببەین، ئەوا لە ڕاستیدا ڕستەکە زیاتر کەسیی قسەکەری خستۆتەڕو و نیشانداوە وەك لە (ڕاپەڕینە مەزنەکەی ١٩٩١). بێگومان ئەم درکپێکردنەش لە دەربڕاوی (پێش لەدایکبونی من)دا ڕاستەوخۆ کوێگر/خوێنەر پەیپێدەبات.

- بنەمای درکپێکردنی دوهەم:

**بە چەمکبونی وێنەیی لە ڕێزماندا:**

درکپێکردن بە ڕادە و ڕێژەی هاوشێوەبون یان هاوشێوەنەبونی دەربڕاوە زمانییەکان هەمبەر بەو شەمەك و شتانەی بەرانبەریەتی لە خۆیدا بنەمایەکی گرنگی تری (زانستی زمانی درکپێکردن)ە، کە بە زاراوەی (The Principle of Iconicity of Language)[٣٥] ئاماژەی پێدەدرێت. ئەم ڕێسایە لە خۆیدا مەبەستیەتی ڕادە و ڕێژەی وێنەیی لە نێوان فۆرمە زمانییەکان و چەمك و شتەکانی بەرانبەریان درکپێبکات. هەربۆیە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە لە ڕێزمانی کوردی وردببینەوە، دەتوانرێت هەرسێ یاسای ئەم ڕێسایە پەیپێببرێت، کە بە هۆیانەوە سانایانە ئەم ڕادە و ڕێژەی هاوشێوەبونە درکپێدەکرێت، کە مرۆڤی کورد کردویەتی لە نێوان شت و ڕودانی ڕوداوەکان لە واقعی جیهاندا لەگەڵ چۆنیەتی بە چەمککردن و ڕەنگدانەوە و هەڵگرتنیان لە ناو دەربڕاوە زمانییەکانی زمانەکەمان و بونیادی ڕێزمانەکەیدا. سێ یاسای ڕێساکەش، کە ڕاستەوخۆ دەتوانرێت لە زمانی کوردیدا درکیان پێبکرێت بریتین لە:

١-) یاسای ڕیزبەندی زنجیرەیی"Sequential Order":

لە ڕێگەی ئەم یاسایەوە دەتوانرێت درکبکرێت بە ڕادە و ڕێژەی هاوشێوەبون لە نێوان دەربڕاوە زمانییەکانی زمانەکەمان (بە تایبەت ئەو ڕوداوانەی/ کردارانەی کاتێن و کاتی ڕوودانەکە دەخەنەڕو لەگەڵ ئەو ڕوداوانەی/ کردارانەی ڕێکخستنی هێڵییانە/زنجیرییانەی ڕودانی ڕوداوەکە دەخەنەڕو) لەگەڵ واقعی کاتی ڕودانی ڕوداوەکە لە واقعدا یان واقعی ڕیزبەندی ڕودانی ڕوداوەکە لە واقعدا. بە مەبەستی کۆنکریتکردنی ئەم بۆچونە لە نمونەی (٣٠) ورددەبینەوە:

(٣٠) سەیری بکە، تاقی بکەرەوە، ئەوسا بیکڕە!

ڕستەی (٣٠) زیاتر لە زمانی بانگەشەکردندا بەکاردێت، بۆیە ئەگەر لە هەریەکە لە پێکهاتەکانی (سەیر بکە) و (تاقی بکەرەوە) و (ئەوسا بیکڕە!) وردببینەوە، دەبینین لە هەریەکێکیاندا (کاتی سەیرکردن) و (کاتی تاقیکردنەوە) و (کاتی کڕینی) کەرەستەکە بە ئاشکرا دەردەکەوێت. بەمەش ڕادە و ڕێژەیەکی هاوشێوەبونی تەواوەتی لە نێوان کاتی ڕوداوەکانی ڕستەی (٣٠) و واقعی ڕودانی ڕوداوەکە درکی پێدەکرێت.

بەڵام ئەگەر لە ڕستەی (٣١) وردببینەوە، دەبینین بە شێوەیەکی بابەتانە دەرخەری ڕێکخستنی

**هێڵیانەی/ زنجیرییانەی ڕودانی ڕوداوەکانە:**

(٣١) ا/ نەسرین شوی کرد و منداڵی بو.

ب/ ؟؟ نەسرین منداڵی بو و شوی کردبو.

لە هەردو ڕستەی نمونەی (٣١)دا ڕاستەوخۆ بە هۆی گۆڕانی (ڕێکخستنی هێڵیانەی) فریزەکانی ڕستە لێکدراوەکەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکییانە ڕیزبەندی ڕوداوی جیاوازی وەك (٣١ب)مان دەستدەکەوێت. بەمشێوەیە لە ڕستەی (١٣١)دا جگە لەوەی هاوشێوەبون لە نێوان ڕوداوە کاتییەکان و واقعی ڕودانی ڕوداوەکە لە واقعدا بەرجەستەبوە، بە هەمانشێوە بە هۆی ڕێکخستنی هێڵیانەی فریزەکانی ڕستەی (١٣١)ەوە ڕادە و ڕێژەی هاوشێوەبون لە نێوان ڕوداوە کاتییەکان و واقعی ڕیزبەندی ڕودانی ڕوداوەکە لە واقعدا درکی پێدەکرێت. بەڵام لە ڕستەی (٣١ب)دا بە هۆی ئەو گۆڕانەی لە ڕێکخستنی هێڵیانەی فریزەکاندا ڕویداوە ئەو هاوشێوە درکی پێناکرێت و جۆرێك گومان دەخاتە سەر ڕاستی و دروستی واتایی ڕستەکە، ئەگەرچی لە هەندێك بارودۆخی تایبەتدا لە کلتورێکی دەرەوەی کلتوری کوردەواریدا دەشێت ڕستەی (٣١ب) دروست بێت.

جارێکی تریش ئەگەر بە هەردو ڕستەی (١٣١ و ٣١ب)دا بچینەوە، دەبینین، کە ئامڕازی لێکدەری (و) هیچ ئەرکێکی واتایی لەو درکپێکردنەی سەرەوەدا ناخاتەڕو. ئەمەش جارێکی تر سەلمێنەری ڕاستی شیکردنەوەکەی سەرەوەیە، بەوەی، کە بە هۆی ڕێکخستنی هێڵیانەی دو فریزەکەوە، کە ڕێزبەندییەکی سروشتییانەیان هەیە و ڕوداوەکان ڕەنگپێدەدەنەوە. ڕاستی ڕۆڵ نەبینینی ئامڕازی لێکدەری (و) لەو درکپێکردنەدا زیاتر ئەزمونبەند دەکرێت بە هۆی گۆڕینی ئەم ئامڕازە بە ئامڕازێکی لێکدەری کاتیی وەك [ (پێش) و (پاش) ]، کە هەردو ئامڕازەکە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە لێکدانەوە و درکپێکردن بە واتای ڕستەکە، چونکە بە هۆی ئەم دو ئامڕازەوە دەتوانرێت درکپێکردنێکی وێنەییانە بۆ ڕوداوەکە بهێنرێتەوە، کە تێیدا ڕیزبەندی هێڵی ڕێکخستنی فریزەکان پەیوەستە بە ڕیزبەندی ڕوداوەکانەوە، هەروەك لە ڕستەی (١٣٢ و ٣٢ب)دا دەخرێتەڕو، یاخود دەتوانرێت درکپێکردنێکی ناوێنەییان بۆ بکرێت هەروەك لە ڕستەکانی (١٣٣ و ٣٣ب)دا دنوێنرێت، کە تێیدا ڕیزبەندی هێڵی فریزەکان پەیوەست نین بە ڕیزبەندی ڕوداوەکانەوە:

(٣٢) ا/ نەسرین شوی کردبو [ پێش] ئەوەی منداڵی ببێت.

ب/ ؟ [ پاش] ئەوەی ئەو منداڵەکەی بو بو، نەسرین شوی کرد

(٣٣) ا/ [ پێش] ئەوەی ئەو منالی ببێت، نەسرین شوی کردبو.

ب/ نەسرین منداڵی بو، [ پاش] ئەوەی شوی کردبو.

لە ڕاستیدا ئەم دو یاسایەی ڕێسای (بەوێنەکردن) تەنها لە ئاستی سینتاکسدا درکی پێناکرێت، بەڵکو زۆر بە ئاشکرا لە ئاستی مرۆفۆلۆژی زمانی کوردیشدا دەتوانرێت پەیپێببرێت، بە تایبەتی لە دەربڕاوە مۆرفۆلۆژییە دو پەلکییەکاندا، کە ڕاستەوخۆ تیایاندا بە دوایەکداهاتنی کاتیی ڕودانی ڕوداوەکە ڕەنگدەداتەوە، بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر با لە نمونەکانی (٣٤) بڕوانین:

(٣٤) ا/ [ ئەمڕۆ یا سبەی ] ! هەر دەبێت بمرێن.

ب/ هەر دەبێت شو بکەیت، جا [ زو بێ یا درەنگ] !

پ/ [ ئێستا بێت یا دوایی] ! هەر دەبێت بگەڕێیتەوە.

ئەگەر لە دەربڕاوە مۆرفۆلۆژییە دو پەلکییەکانی نمونەی (٣٤) بڕوانین، ئەوا ڕاستەوخۆ دەتوانرێت درك بە ڕیزبەندی کاتییانەی ڕودانی ڕوداوەکان بکرێت، کە بەهۆی ڕێکخستنی هێلییانەی ڕوداوەکانەوە هاتۆتەکایەوە.

**٢-) یاسای چەندێتی"Quantity":**

ئەم یاسایەی ڕێسای (بەوێنەکردن) شیکردنەوە دەکات بۆ درکپێکردن بەو لایەنگرییەی قسەکەر لە زماندا هەیەتی، بەوەی بەردەوام هەوڵدەدات واتای زیاتر بە دەربڕاو/فۆڕمی زمانیی زیاتر دەربڕێت[٣٦]. بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا دەتوانرێت چەمکی زۆر ترشی (ڕبەهەنار) بە شێوەیەکی وێنەیی لە ئاخاوتندا دەربڕدرێت بە هۆی درێژکردنەوەی دەربڕینی فۆنێمی (/ڕ/)ی وشەکەوە (یاخود بە هۆی قورسایی خستنە سەر هەمان فۆنێم). ئەگەر بشمانەوێت ئەم ڕاستییە بە نوسین بنوێنین، ئەوا دەشێت لە شێوەی (٣٥)دا بخرێتەڕو:

(٣٥) [ / ڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕڕ....هتد/] وبەهەنار دەخۆیت!

ئەمە جگە لەوەی ئەم یاسایە زۆر بە شێوەیەکی ئاشکراتر لە زمانی قسەکردنی منداڵدا درکی پێدەکرێت، بە تایبەتی کاتێك منداڵەکە بیەوێت چەمکی کۆ دەربڕێت، هەروەك لە (٣٦)دا دیارە:

(٣٦)

+ بابەت چەند خۆشدەوێت؟
– بە قەد ئـــــــــەم ژورە!
+ تەنها ئەوەندە؟!
– نـــــا! بەقەد ئەم ژورە و ژورەکەی تر و ژورەکەی تریش و ....هتد!

ئەگر لەو ئاخاوتنەی نمونەی (٣٦) وردببینەوە، ئەوە تێدەگەین، کاتێك (بابە) کوڕەکەی لە باوەش گرتوە و پرسیاری چەندێتی خۆشەویستی کوڕەکەی بۆ خۆی دەکات، منداڵەکە بە دەربڕاوی [ بە قەد ئـــــــــەم ژورە!] وەڵامی دەداتەوە (کە لێرەدا منداڵەکە بە پێی شارەزاییەکەی خۆی پێیوایە بە هۆی درێژکردنەوەی دەربڕینی دەنگی /ئـــ/ەوە چەمکی کۆیی خۆشەویستییەکەی بۆ بابە دەربڕیوە!)، بەڵام کاتێك منداڵەکە ناڕازیی بابەی بەرگوێ دەکەوێت لە چەندێتی خۆشەویستییەکەی، بۆیە یەکسەر چەمکی بۆ چەندێتی خۆشەویستی خۆی بۆ بابە هەوڵدەدات لە ڕێگەی دوبارەکردنەوەی زیاتر و زۆرتری دەربڕاوەکەی جێبەجدەکات. بەمەش هەوڵیداوە ئەو واتا زۆرەی دەیەوێت دەریببڕێت بە فۆڕمی زمانیی زیاتر دەریببڕێت.

لە ڕاستیدا درکپێکردن بەم لایەنەی یاسای چەندێتی ڕێسای بە وێنەکردن لە زمانی کوردیدا (کە مرۆڤی کورد لایەنگیریی زیاتری هەیە بۆ ئەوەی واتای زیاتر بە فۆڕمی زیاتر دەربڕێت) لە گەلێك لایەنی تری زمانەکەماندا دەتوانرێت پەیپێببرێت. بۆ نمونە لە هەردو شێوازی (قسەکردنی

ڕێزلێگیراوانە) و (قسەکردنی سیاسی و دیبلۆماسییانە)دا زۆر بە ئاشکرا درك بەم لایەنە دەکرێت، با لە نمونەکان ڕابمێنین:

(٣٧)

ا/ جگەرە مەکێشە.

ب/ بێزەحمەت! جگەرەکەت لابەرە.

پ/ ئەگەر ئەرك نییە لێرە جگەرە مەکێشە.

ت/ بێزەحمەت! دەتوانی جگەرەکەت لابەریت و بیکوژێنیتەوە؟

ج/ بێزەحمەت ئێرە شوێنی گشتییە مافی جگەرە کێشانت نییە!

د/ لە دەوروبەرت بڕوانە، مرۆڤەکان ڕوسپین! گەڵاکان سەوز و جوانن! دە تکایە بە دوکەڵی جگەرەکەت زەردیان مەکە!

ئێستا ئەگەر لە ڕستەکانی نمونەی (٣٧) وردببینەوە، دەبینین، کە [ ڕستەی (ا) لە (ب) و ڕستەی (ب) لە (پ) و ڕستەی (پ) لە (ت) و ڕستەی (ت) لە (ج) و ڕستەی (ج)یش لە (د)] کەمتر ڕەنگدانەوەی ڕێزگرتنە بەرانبەر بە کەسی جگەرەکێش. بێگومان ئەم کەمیی ڕێزگرتنەش لەو ڕستانەدا تەنها بە هۆی کەمیی و زۆریی فۆڕمیی زمانییەوە درکی پێدەکرێت. بە واتایەکی تر هەر هەمو ڕستەکانی نمونەی (٣٧) یەك چەمکییان دەربڕیوە، بەڵام لە هەریەکێکیاندا چەندێتی ئەو ڕێزگرتنەی تێیدایە جیاوازە و ئەم جیاوازییەش کەمیی و زۆریی فۆڕمە زمانییەکان دیاریانکردوە. هەربۆیە ئەگەرچی ڕستەی (٣٧ج) و (٣٧د) تەنهالە زمانی نوسیندا دەبینرێنەوە، بەڵام بە هۆی زۆریی فۆڕمە زمانییەکانەوە واتایی قەدەغەیی جگەرەکێشانی بە کەسیی جگەرەکێش ڕاگەیاندوە بێ ئەوەی کەسیی جگەرەکێش بریندار کرابێت. ئەم جۆرە لە شیکاری وێنەیی لە زمانی ئاخاوتن و نوسیندا زۆر بە شێوەیەکی زەقتر لە (شێوازی قسەکردنی سیاسیی و دیبلۆماسییانە)دا دەردەکەوێت، هەروەك لە ڕستەکانی نمونەی (٣٨)دا دەخرێتەڕو:

(٣٨)

+ دەگوترێت کورد مافی سەربەخۆبونی نییە؟

+ ا/ پێموانییە.

ب/ بە ڕای من بۆچونێکی هەڵەیە.

پ/ بە ڕای من ئەمە بۆچونێکی کورت بینانەیە!

ت/ ئەم ڕاوبۆچونە ڕاوبۆچونێکی ناعدیلانەیە!

ج/ بۆ تۆ پێتوانییە کوردیش وەك هەمو نەتەوەکانی تر مرۆڤ!

د/ چەمکی سەربەخۆبون ئەو چەمکەیە، کە تەنها دیموکراسیی و ئازادیی ڕاستەقینە بەرهەمیدەهێنێت!

ئەگەر لەو ئاخاوتنە پرسیاریی و وەڵامییەی، کە لە نمونەی (٣٨)دا خراوەتەڕو وردببینەوە، ئەوا دەبینین، ئەگەر لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا بێژەر پرسیارێکی لەو شێوەیەی لە (٣٨)دا

**دەربڕاوە لە سیاسەتمەدارێکی/دیبلۆماتکارێکی کورد بکات، ئەوا ئەو سیاسەتمەدار و دیبلۆماتەش، ئەگەر بە هەر یەکێك لە ڕستەکانی (ا-د) وەڵامیبداتەوە، ئەوا هەر یەك چەمکیی گەیاندوە، کە ئەویش ئەوەیە، کە ( بەڵێ، کوردیش مافی سەربەخۆ بونی هەیە.)، بەڵام ئەگەر بیەوێت هەمان چەمك دەربپڕێت بە بێ ئەوەی وەڵامەکەی لە لایەن بێژەر و دەزگا ڕاگەیاندنەکەوە بۆ مەبەستێکی تر بقۆزرێتەوە، ئەوا دەبێت سیاسەتمەدارەکە/دیبلۆماتکارەکە هەوڵبدات چەمکەکەی بە ڕستەیەکی وەك [(٣٨د) یان (٣٨ج) یان (٣٨ت) یان (٣٨ت) یان (٣٨پ) یان (٣٨ب) یان (١٣٨)] دەرببڕێت نەك چەمکەکەی بە ڕستەکانی (ا-د) دەرببڕێت. بەمەش هەم چەمکەکەی ئاوەزی دەردەبڕێت و هەم لە توند و تیژی سیاسیی و دیبلۆماسیش خۆی و نەتەوەکەی دەپارێزێت.**

## ئەنجامەکان

1. **سەرجەم بیرکردنەوە و تێڕامانەکانی مرۆڤی کورد لە خۆی و ژینگەکەی وەك وروژێنەریی پەنهانیی یاسا و ڕێسا ڕێزمانییانەکانی زمانەکەمانن .**
2. **لە زمانی کوردیدا زۆر واتایی زمانیمان هەیە، کە قسەکەر لە سەر بنەمای درکپێکردن و پەیپێبردن بەم واتایانە پەیوەندیکردنیان پێ ئەنجام دەدات.**
3. **نمونە شیکراوەکانی لێکۆڵینەوەکە ڕاستەوخۆ هەڵخەڵەتێنەریی چەمکیی (پۆلێنکردن) لە زمانی کوردیدا (لە سەرجەم ئاستەکانیدا) دەخەنەڕو. ئەمەش ڕاستەوانە واتادارییی مۆرفێمە ناسەربەخۆکانی لە زمانی کوردیدا چەسپاندوە.**
4. **بەچەمکبونیی (سەرچاوەیی) و (وێنەیی) لە ڕێزمانی زمانەکەماندا وەك دو بنەمای سەرەکیی توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤی کورد دەردەکەون.**

## پەراوێزەکان

[1]. زانستی زمانی درکپێکردن"Cognitive Linguistics" قوتابخانەیەکی نوێی زمانەوانی بیرییە، کە لە بنەڕەتدا لە سەرەتاکانی (١٩٧٠ز)دا دەرکەوتوە. ئەم لقەی زانستی زمانی گشتی زۆر بە بەهێزی لە (زانستی درکپێکردن" Cognitive Since")ەوە سەرچاوەی گرتووە، بە تایبەتی لەو کار و لێکۆڵینەوانەی پەیوەستبون بە پۆلێنکردن و ڕێکخستنی مرۆڤەوە. ئەمە وێڕای کاریگەری زانستی "Gestalt Psychology"( کە ئەمیش لە خۆیدا قوتابخانەیەکی سایکۆلۆژی بووە و لێکۆڵینەوەکانی لە سەر توانا ئاوەزییەکانی مرۆڤ چڕکردۆتەوە و پێیوابوە، کە پێویستە توانا ئاوەزییەکانی مرۆڤ وەك گشتێك سەیر بکرێت و نابێت لە یەکتر جیابکرێنەوە) لە سەر دامەزراندنی سەرەتاکانی زانستی زمانی درکپێکردن. بەمشێوەیە ئەم هەوڵە بەراییانە بەردەوام بون، تا لە ساڵی (١٩٩٠ز) بە شێوەیەکی فەرمی (زانستی زمانی درکپێکردن) لە ڕێگەی گۆڤار و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، کە بە پیتەکانی (ICLS) هێمای بۆ دەکرێت، وەك لقێکی سەربەخۆی زانستی زمانی گشتی ناسێنرا. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم ڕەوتە نوێیەی زانستی زمانی گشتی، بڕوانە:

a/ Evans,V. and Green, M. (2006:3-5).b/ Greeraerts, D. and Cuyck, H. (2007:4-7).

[2] لێرەدا پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان دوو چەشن ڕێبازی لێکۆڵینەوەی درکپێکردنانە بۆ شیکردنەوەی زمان. ئەمەش بە هۆی ئەوەی لە ڕوانگەی زاراوەسازییەوە جیاوازییەکی زەق هەیە لە نێوان زاراوەی (زانستی زمانی درکپێکردن" Cognitive Linguistics") (کە لە زمانی ئینگلیزیدا پیتەکانی سەرەتای هەردو وشەی زاراوەکە بە پیتی کەپیتەڵ/گەورە دەنوسرێت) و

زاراوەی (زمانەوانی درکپێکردن"cognitive linguistics") (کە لە زمانی ئینگلیزیدا هەردو وشەی زاراوەکە بە پیتی سمۆڵ/بچوك دەنوسرێت و ئەم لێکۆڵینەوەیەش پێشنیاز دەکات بە زاراوەی "زمانەوانی درکپێکردن" جیابکرێتەوە لە زاراوەی یەکەم). ئەم جیاوازییە زەقەش ئەوەیە، کە زاراوەی یەکەمیان مەبەست لەو قوتابخانە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەیە، کە لە سەرەتاکانی (١٩٧٠ز)دا سەریهەڵداوە و لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدرێت نەخشەی بۆ بکێشرێت، بەڵام زاراوەی دوهەمیان مەبەست لێی هەمو ئەو ڕێبازی لێکۆڵینەوانەیە، کە لە لێکۆڵینەوە لە زمان دەکەن وەك دیاردەیەکی ئاوەزیی (کە باشترین نموونەیان قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی زانا چۆمسکییە بە هەمو قۆناغە تیۆرییەکانییەوە). بۆ زانیاری زیاتر لە سەر جیاوازی نێوان ئەم دو زاراوەیە لە زانستی زمانی گشتیدا، بڕوانە:

a/ Geeraerts, D. (2006:1-6). b/ Taylor, J. , R. and MacLaaury, R., E. (1995:1-4).

[3] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چۆنیەتی هەڵهێنجانی ئەم سێ کەسێتییە بۆ (زانستی زمانی درکپێکردن)، بڕوانە:

Geeraerts, D. and Cuyckens, H. (2007:5-10).

[4] مەبەست لە (پەیپێبردنی/ ڕوانگەی فەزاییانە "Spatial Perspective") بریتییە لە قسەکردنی مرۆڤ لەو شت و بابەتانەی لە دەوروبەری مرۆڤدان ، بەڵام لە نێوان بابەت/ شتەکە و مرۆڤەکە بۆشایی و فەزایەك بونی هەیە. ئەم وێڕای بونی چەندین ڕێگر و بەرگری لە نێوانیاندا. هەروەك ئاخاوتنی مرۆڤ دەربارەی ئەستێرەکانی بۆشایی ئاسمان یان ئاخاوتنی مرۆڤ دەربارەی ماسییەکانی ناو ئاوێك یان ڕوانین و قسەکردنمان دەربارەی بەفری لوتکەی چیاکان و شینایی دەشتەکان و زۆرێك لە کەرەستە و بابەتە جیاوازەکان ......هتد. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم تایبەتمەندییەی واتا و شارەزابون لە سەر وردێتی ئەم چەمکە، بڕوانە:

a/ Greeraerts, D. (2006:4-5). b/ Evans, V. (2007:203-204). c/ Jackendoff, R. (1999:188-212).d/ Dancygier, B. and Sweetser, E. (2005:130-142).
e/ Chambers, J., K. , Trudgill, P. and Estes, N. , S. (2003: 1-29).

[5] Geeraerts, D. (2006:5).

[6] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بۆچونەی (زانستی زمانی درکپێکردن) و گرنگی بنەمای (بەکارهێنان و شارەزایی) لە تێگەیشتن و درکپێکردنی واتادا، بڕوانە:

ا/ تەوەرەی سێهەمی ئەم لێکۆڵینەوەیە، لاپەڕە (٢٧–٣٤).

a/ Sandra, D. Östman, J., O. and Verschueren (2006:4-6).
b/ Taylor, J., R. and MacLaury, R. , E. (1995: 1-23).

[7] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم لایەنە ژیریێژییەی قوتابخانەی ڕەفتارییەکان، بڕوانە:

a/ Geeraerts, D. and Cuyckens, H. (2007: 11-12). b/ Matthews (2003: 142-160).
c/ Sonders, C. (2004:59-88).

[8] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم چەند و چونەی قوتابخانەی عەقڵگەرایی و ئەو شۆڕشەی (چۆمسکی) لە شیکردنەوە زمانییەکاندا بەرپایکرد بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە مەنهەجییەکەی قوتابخانەی ڕەفتارییەکان، بڕوانە:

ا/ کاروان عمر قادر (٢٠١٠: ٥–١٥). ب/ محمد مەحویی و کاروان عمر قادر و شیلان عمر حسێن (٢٠١٠: ٤٥–٩٧).

a/ Kibbee, D., A. , (2010: 237-302). b/ Geeraerts, D. and Cuyckens, H. (2007: 13-14).

[9] بە مەبەستی زیاتر تێگەیشتن لەم جۆرە بانگەشەیەی قوتابخانەی عەقڵگەرایی، بڕوانە:

a/ Taylor, J., R. and MacLaury, R. , E. (1995: 25-47). b/ Kibbee, D., A. , (2010:265-292).

[10] Geeraerts, D. and Cuyckens, H. (2007: 13-14).

[11] لە ڕاستیدا هەردو تیۆری (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) و (مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی " Truth- Conditional Semantics") بە بێگومان نمونەی لێکۆڵینەوەی چالاك و نمونەیین. هەربۆیە (زانستی زمانی درکپێکردن) بەردەوامە بۆ خستنەڕووی بەڵگەی زیاتر و زۆرتر لە سەر تیۆرییە بنەماییەکانی هەردوو تێۆرییەکە. ئەمەش لە ڕێگەی وروژاندنی چەندین پرسیاری ئەزمونبەندانە و هەوڵدان بۆ وەڵامدانەوەیان لە زانستی زمانی درکپێکردنی نمونەییدا. بەمشێوەیە زۆرجار لە زانستی زمانی گشتیدا هەردو قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) و (زانستی زمانی درکپێکردن) نەك وەك دو قوتابخانەی دژ بە

یەکتر سەیر ناکرێن، بەڵکو وەك دو قوتابخانەی تەواوکەری یەکتر تەماشا دەکرێن، تەنانەت هەندێك پێیانوایە، کە هەردو قوتابخانەکە لە سەر بنەمای (درکپێکردنی ئاوەزیی) دامەزراون. بەمشێوەیە پێیانوایە، کە قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە) قوتابخانەیەکی ئاوەزەیی و دەگەڕێتەوە بۆ (قۆناغی یەکەمی شۆڕشی درکپێکردن، کە بۆ ساڵانی ١٩٥٠ دەگەڕێتەوە) و (زانستی زمانی درکپێکردن)یش قۆناغی دوهەمی ئەم شۆڕشە درکپێکردنە دەنوێنێت، کە بۆ ساڵانی (١٩٧٠-١٩٨٠) دەگەڕێتەوە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

a/ Geeraerts, D. and Cuyckens, H. (2007:7-8). b/ Kibbee, D., A. , (2010:261-287).

[12] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەمجۆرە تێڕوانینەی زانستی زمانی درکپێکردن و جیابونەوەی لە زانستی زمانی بەرهەمهێنان، بڕوانە:

a/ Tendahl, M. (2009:113-114).b/ Taylor, J., R. and MacLaury, R. , E. (1995:119-137).

[13] Croft, W. and Cruse, D., A. (2004:2).

[14] بە مەبەستی زیاتر ڕونبونەوەی تێگەیشتەنەکانی هەردو ڕێبازی لێکۆڵینەوەی (ڕێزمانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە) و (مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیکی) چ لە زمانەوانی کوردیدا چ لە زمانەوانی گشتیدا، بڕوانە:

ا/ کاروان عمر قادر (٢٠١٠: ٦-١٢)     ب/ بکر عمر و ئاڤێستا کمال (٢٠٠٩: ٢٨-٣٠).

a/ Iten, C. (2005: 15-55)     b/ Portner, P. and Partee, B., H. (2002: 189-223).

15 بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Croft, W. and Cruse, D., A. (2004: 3)

[16] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەرایییەکانی ئەم تیۆرییەی (زانستی زمانی درکپێکردن)، بڕوانە:

a/ Croft, W. and Cruse, D., A. (2004: 3-4)     b/ Taylor, J., R. and MacLaury, R. , E. (1995:30-41).

[17] وردەکاریی شیکردنەوەکانی (پەیوەندیی درکپێکردن) وەك پێداچونەوەیەك بۆ تیۆری دوهەمی (زانستی زمانی درکپێکردن) دەخرێتە ناو شیکردنەوەکانی (تیۆری دوهەم) لەم لێکۆڵینەوەیەدا. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: تەوەرەی دوهەمی ئەم لێکۆڵیینەوەیە، لاپەڕە (٦-٢٦).

[18] مۆدیولارێتی "Modularity": زانستی زمانی بەرهەمهێنان باوەڕیوایە، کە زمان مۆدولێکی/پێکهاتەیەکی سەربەخۆی ئاوەزی مرۆڤە و دابڕاوە و جیاکراوەتەوە لە پێکهاتە ئاوەزییەکانی تری ئاوەزی مرۆڤ. لەم ڕوانگەیەشەوە ئەم قوتابخانەیە لە لێکۆڵینەوەکانیدا ئەو بۆچونەیان کارپێکردوە، کە هەریەکە لە پێکهاتەکانی (فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیك) لە خۆیاندا لە ناو مۆدولی سەربەخۆی زماندا وەچەمۆدولی/ وەچە سیستەمی سەربەخۆن و تەنها پەیوەندییان ئەوەیە، کە دەرکردەی پێکهاتەیەکیان دەبێتە تێکردەی پێکهاتەکەی سەرو خۆی. بەمشێوەیە پێیانوابووە، کە ئەم پێکهاتانەی زمان گرنگی دەدات بە جۆری جیاوازی کارپێکردنی (ڕێسا دروستەییەکان) بە سەر جۆری جیاوازی تیۆرییدا. بۆ نمونە پێیانوابوە، کە (سینتاکس) بوار و کێڵگەیەکی ئاوەزی مرۆڤە و پەیوەستە بە ڕێکخستنی دروستەییانەی وشەکان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەکان، لە کاتێکدا پێکهاتەی (فۆنۆلۆژی) وەچە سیستەمێکە تری سەربەخۆی ئاوەزە و پەیوەستە بە ڕێکخستنی دروستەییانەی دەنگەکان/ فۆنێمەکان بۆ بەرهەمهێنانی تەرزە ڕێگەپێدراوەکان لە ڕێگەی یاساکانەوە. بەمشێوەیە زمانەوانی نوێباو لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بە سەر چەندین وەچە زانستی جیاوازدا دابەشکردوە. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم چەمکەی قوتابخانەی (بەرهەمهێنان و گواستنەوە)، بڕوانە:

a/ Smith, N. (2004:15-30).     b / Mcgilvray, J. (2005:22-25).
c/ Millikan, R., G. (2005:24-53).     d/ Boden, M., A. (2006: 481-485).

[19] Evan, V. and Green, M. (2006:27-29).

[20] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر خودی ڕێبازی کارکردنی ئەم دو زانایە و چۆنیەتی بەڵگە و بەڵگهێنانەوەکانیان لە (زانستی زمانی درکپێکردن)دا، بڕوانە:

a/ Evans, V. and Green, M. (2006:27-52).     b/ Taylor, J. , R. (2003)
c/ Geeraerts, D. and Dirven, R., and Taylor, J., R. (2006:142-158).

[21] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Evans, V. and Green, M. (2006:32-41)

[22] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەو لێکۆڵینەوانەی دەرخەری چەشن و جۆرەکانی و گۆڕانی فۆڕمەکانی پاشگری دیاریکردنن لە زمانی کوردیدا، بڕوانە:

ا/ ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٨٧-٢٠٢)  ب/ عەبدولجەبار مستەفا (٢٠٠٥: ٧-١٠)

پ/ حاتەم ولیا محمد (٢٠٠٠: ٧-١٠).

[23] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پرۆسەی ئەمجۆرە پۆلێنکردنەی وشەکان، کە لە زانستی زماندا بە (بەشەکانی ئاخاوتن "Parts of Speech") ناسراوە، بڕوانە:

ا/ ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠١)  ب/ محمد ڕەزا باتینی، و/ حەسەن قازی (١٩٩٣: ٦٨-٧٣).

a/ Greenbaum, S. (1996:88-110). b/ Nelson, G. and Greenbaum, S. (2000:90-113).

[24] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم دو بۆچونە لە شیکردنەوە زمانەوانییەکانی زانستی زمانی کوردیدا، بڕوانە:

ا/ فەرەیدوون عەبدول محمد (١٩٨٨)  ب/ وریا عمر ئەمین (٢٠٠٩)

ب/ محمد مەحویی (٢٠٠١)  پ/ کاروان عمر قادر(٢٠٠٨).

[25] بە مەبەستی چۆنیەتی شیکردنەوەی ئەم ڕەفتارە ڕێزمانیانەی ئەم جۆرە پێکهاتانە، کە خاسیەتی گشتێتی دەنوێنن، بڕوانە: کاروان عمر و عەبدولجەبار موستەفا (٢٠١٢:٧-١٣).

[26] بۆ زانیاری زیاتر لەمجۆرە بونیادە لە زمانی کوردیدا، بڕوانە:

ا/ محەمەد مەحویی(٢٠٠١)  ب/ کاروان عمر قادر(٢٠١٠).

[27] بۆ تێگەیشتن لە خودی ئەم تیۆرییە لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بڕوانە:

a/ Langacker, R., W. (2008:14-66). b/ Croft, W. and Cruse, D., A. (2004:3).

[28] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر خودی (پەیوەندی درکپێکردن) و پێداچونەکانی زانا Lakoff، بڕوانە:

Evans, V. and Green, M. (2006:40-45).

[29] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر خودی ئەم تیۆرییە، بڕوانە: Croft, W., and Cruse, D., A. (2004:4).

[30] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بۆچونەکانی ئەم دو ڕێبازە لە سەر شیکردنەوەی زمانی و بە تایبەتی لە سەر بۆچونەکانی زانا Richard Montague، بڕوانە:

.a/ Partee, B., H. and Hendriks, H., L., W. (1997:10-80). b/ Jackendoff, R. (2003:21-70)

c/ Lyons, J. (2007).

[31] ڕەنگە لێرەدا پرسیاری ئەوە بکرێت، ئەگەر قوتابخانەی ڕەفتارییەکان بنەمای ئەم تیۆرییەی (زانستی زمانی درکپێکردن) بێت، ئەی بۆچی هەر خودی قوتابخانەی زمانەوانی ڕەفتارییەکان نەبوە هۆی ئەوەی، کە زانستی زمانی درکپێکردنی لێبکەوێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە سادەبیانە ئەوەیە، کاتێك فەلسەفەی (پۆزەتیڤیزم) هاتەکایەوە، زانای زانستە پەتییەکان زۆر بە وردی سودیان لێ بینی و لێکۆڵینەوەکانیان لە سەر بنەمای شتە بینرا و نەبینراوەکان جێبەجێدەکرد. بۆ نمونە زۆرێك لە دۆزینەوە فیزیکییەکان (وەك دۆزینەوەکانی زانا نیوتن) لە سەر بنەمای دیاردە فیزیکییە نەبینراوەکان بوە، بەڵام زمانەوانەکانی قوتابخانەی زمانەوانی ڕەفتاری ئەم لایانەیان لە لێکۆڵینەوەکانیان فەرامۆشکردبو و تەنها گرنگیان دابو بە دیاردە فیزکییە بینراوەکان (واتە ڕووکەشی زمان/ دەربڕاوەکان). بەمەش دامەزراوەی زمانیان لە ناو ئاوەزدا (کە دیوی نەبینراو/ میتافیزیکیی زمانە) پشتگوێخستبو، کە خۆی لە لەبەرچاوگرتنی واتادا دەبینییەوە لە لێکۆڵینەوەکانیاندا. هەربۆیە قوتابخانەکەشیان نەبوە ڕێبازێکی لێکۆڵینەوەی درکپێکردن، تا ئەو کاتەی فەلسەفەی عەقلگەرایی ئەم بوارەی بۆ زانستی زمانی درکپێکردن ڕەخساند. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە:

Sandra, D., OlaÖstman, J. and Vershueren, J. (2009:1-5).

[32] Evans, V. and Green, M. (2006:44).

[33] لە زانستی زمانی درکپێکردندا لێکۆڵینەوەی ئەزمونگەرییانەی زۆر کراوە لە سەر بەهێزی و جیاوازی توانای درکپێکردنی مرۆڤ لە چاو بونەوەرەکانی تردا، بۆ نمونە لێکۆڵینەوەکان لە سەر بەهێزی توانای درکپێکردنی مرۆڤ دەریانخستوە، کە مرۆڤ سێ

کەناڵی ڕەنگی هەیە (وەك توانایەکی درکپێکردنی بینین)، بەڵام بونەوەرەکانی (سمۆرە و کەروێشك و پشیلە) دو کەناڵی ڕەنگیان هەیە، لە کاتێکدا (کۆترەکان) چوار کەناڵیی ڕەنگییان هەیە. لە بواری جیاوازی درکپێکردنی مرۆڤ لە بونەوەرەکانی تر لێکۆڵینەوەکان دەریانخستوە، کە مرۆڤ و باڵندە زۆر بە شێوەیەکی جیاواز ڕەفتار لەگەڵ هێزی ڕاکێشانی زەوەی (**الجاذبية**)دا دەکەن، چونکە باڵندە توانای هەیە یەکسەر بەرز ببێتەوە و یەکسەریش لە ڕاکردن و ڕۆیشتن ڕابوەستێت لە کاتێکدا مرۆڤ وانییە (بە تایبەتی لە کاتی ڕاکردنی مرۆڤدا ئەم دیاردەیە دەردەکەوێت، کە پێویستی بە ماوەیەك ڕۆیشتن هەیە، تا بتوانێت ڕابوەستێت لە جوڵە). بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەهێزی توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ و جیاوازی لە بوەنەوەرەکانی تر لە ڕوانگەی زانستی زمانی درکپێکردنەوە، بڕوانە:

Green, M. and Evans, V. (2006:45-55).

[34] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چۆنیەتی ڕوانین و سەر لە نوێ پێداچونەوەکانی زانستی زمانی درکپێکردن بە چەمکیی (بەسەرچاوەکردن "Indexicality") لە زماندان بڕوانە:

a/ Dirven, R. and Verspoor, M. (2004:5-10). b/ Mendoza Ibenz, F., J. and Pena Cervel, M., S. (2005:18-21).

[35] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر چەمکیی (بە وێنەکردن"Iconcity") لە (زانستی زمانی درکپێکردن)دا، بڕوانە:

ا/ سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە (٨–١٣).

ب/ Tomasello, M. (2003:112-114)

[36] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم یاسایەی ڕێسای (بەوێنەکردن) و چۆنیەتی کارپێکردنی لە (زانستی زمانی درکپێکردن)دا، بڕوانە:

Geeraerts, D. and Cuyckens, H. (2007: 397-420).

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**


١. **ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠١)، ڕێزمانی کوردی (وشەسازیی)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی.**
٢. **ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩)، ڕێزمانی کوردی (مۆرفۆلۆژی)، بەشی (ناو)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.**
٣. **بەکر عمر و ئاڤێستا کەمال (٢٠٠٩)، پەیوەندی سیمانتیك و لۆژیك لە ڕستەی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، ژ. ٢٦.**
٤. **حاتەم ولیا محمد (٢٠٠٠)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژورودا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.**
٥. **ڕەزا محمد باتینی، و/ حەسەن قازی (١٩٩٣)، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان،سوید.**
٦. **عەبدولجەبار مستەفا معروف (٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.**
٧. **کاروان عمر قادر(٢٠٠٨)، ڕستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.**
٨. **کاروان عمر قادر (٢٠١٠)، فۆرمی لۆژیکی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.**
٩. **کاروان عمر قادر و عبدولجەبار مستەفا (٢٠١٢)، کاریگەریی فەرهەنگ لە بنیاتی دروستە سینتاکسییەکاندا**، مجلة الاستاذ، كلية التربية، جامعة بغداد، ژ. (١٨٦).
١٠. **محمد مەحویی (٢٠٠١)، ڕستەسازیی کوردیی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.**

١١. محمد مەحویی و کاروان عمر قادر و شیلان عمر حسێن (٢٠١٠)، دروستەی کردار (بنەما و دیاردە)، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

١٢. فەرەیدون عبدول محمد (١٩٨٨)، نادیاری، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٣. وریا عمر ئەمین (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم، چاپی دوهەم، هەولێر.

دوهەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1. Boden, M., A. (2006), Mind as Machine (A History of Cognitive Science), Oxford University Press.
2. Chambers, J., K., Trudgill, P. and Estes, N., S. (2003), Handbook of Language Variation and Change, Blackwell Publisher.
3. Croft, W. and Cruse, D., A. (2004), Cognitive Linguistics, Cambridge University Press.
4. Dancygier, B. and Sweetser, E. (2005), Mental Spaces in Grammar, Cambridge University Press.
5. Dirven, R. and Verspoor, M. (2004), Cognitive Exploration of Language and Linguistics, 2nd Edition, John Benjamins Publishing Company.
6. Evans, V. (2007), A Glossary of Cognitive Linguistics, Ltd Press.
7. Evans, V. and Green, M. (2006), Cognitive Linguistics (An Introduction), Edinburgh University Press, Graet Britain.
8. Geeraerts, D. and Cuycknes, H. (2007), The Oxford Handbook of Cognitive Linguistics, Oxford University Press.
9. Geeraerts, D., Dirven, R. and Taylor, J., R. (2006), Cognitive Linguistics (Basic Readings), Mouton de Gruter publisher.
10. Greenbaum, S. (1996), English Grammar, Oxford University Press.
11. Iten, C. (2005), Linguistic Meaning, Truth Conditions and Relevance, Palgrave MacMillan Publisher.
12. Jackendoff, R. (1999), Semantics and Cognition, MIT Press.
13. Jackendoff, R. (2003), Foundations of Language (Brain, Meaning, Grammar, Evolution), Oxford University Press.
14. Lyons, J. (2007), Semantics, (V. 1&2), Cambridge University Press.
15. Matthews (2003), A Short History of Structural Linguistics, Cambridge University Press.
16. McGillivray, J. (2005), The Cambridge Companion to Chomsky, Cambridge University Press.
17. Millikan, R., G. (2005), Language (A Biological Model), Oxford University Press.
18. Nelson, G. And Greenbaum, S. (2000), An Introduction to English Grammar, 2nd Edition, Longman.
19. Partee, B., H. and Hendriks, H., L., W. (1997), Handbook of Logic and Language (Montague Grammar), Elsevier Science.
20. Portner, P. And Partee, B., H. (2002), Formal Semantics (The Essential Readings), Blackwell Publisher.
21. Sandra, D., Ola östman, J. and Vershueren, J. (2009), Cognition and Pragmatics, John Benjamins Publishing Company.
22. Smith, N. (2004), Chomsky (Idea and Ideals), Cambridge University Press.
23. Sonders, C. (2004), Cambridge Companion to Saussure, Cambridge University Press.

24. Taylor, J., R. (2003), Linguistics Categorization, 3rd Edition, Oxford University Press.
25. Taylor, J., R. and MacLaury, R., E. (1995), Language and Cognitive Construal of the Word, Mouton de Gruter publisher.
26. Tendahl, M. (2009), A Hybrid Theory of Metaphor (Relavance Theory and Cognitive Linguistics), Palgrave Macmillan Publisher.



## الخلاصة

هذا البحث يُحاول تحليل الحقائِق الكامنة في قواعد اللغة الكردية. مِن هذا المُنطلق أُستنتجَ هذا البحث أنَ قواعد اللغة الكُردية كنظام أساسي لِلُغتِنا، له قاعدة أساسية ألا وهيَ (النظام الأدراكي/المعرفي"Cognitive System"). ان هذا النظام الأدراكي في جوهرها يتكون مِن جميع رؤيا و خِبرات الأنسان الكُردي في الحياة التي يرمزُها في كينونة قواعد لُغتهِ. من هُنا التحاليل و لأستنتاجات البحث نُفِذَ على الأساس النظريات (عِلم اللغة الأدراكي" Cognitive Linguistics")، وَ مِن خلالهِ حاولَنا عرض البحث في ثلاث فصولِ أساسية. فَفي الفصل لأول حاولنا تحليل و عرض (عِلم اللغة الأدراكي"Cognitive Linguistics")، و الفصل الثاني يتكون من تحليل عملي للنظريات هذه المدرسة اللغوية في قواعد اللغة الكردية. أما الفصل الثالث فهوَ تحليلٌ لأهم قواعد الأساسية ألأدراكية للإنسان الكُردي الذي رمزَها في كينونة قواعد لُغتهِ.

## Abstract

This research tries to analyzing the hidden realities of Kurdish grammar. According to this construal, we can draw conclusion, about Kurdish grammar as a core of Kurdish Language having hidden basis system, which is Cognition System. This system is the total construal and attention of Kurdish individuals and it is encoded in the grammar of his/her Language. This research carried out on the basis of theories of Cognitive Linguistics. The research consists of three main chapters. In the first chapter, we try to analyzing Cognitive Linguistics. Chapter two is the empirical and practical analysis of the theories of Cognitive Linguistics in the Kurdish language. Chapter three, which is the last chapter, accounts for analysis of the most fundamental and bases of a Kurdish individuals, which are encoded in the grammar of his/her language.